# رفراندۆم

# 9

April 2004 دەورەی دووەم

کۆفارێکی سیاسی مانگانەیە

## لەم ژمارەیەدا:

به بۆنەی دەرچوونی دەوری دووەمی گۆڤاری رفراندوم
ئاسۆ کەمال

دەربارەی هەل ومەرجی کەرکوك و کێشەی شوناسنامەی ئەم شارە
سامان کەریم

فیدرالیزم کێشەیە یان چارەسەر
عەبدولا سالح

خەلکی کوردستان لە بەرامبەر ئەرکێکی مێژوویی و دوو لایەنەدا
حسینی مراد بێگی

هەروەها چەند ووتار و هەوالی تر.....

# رفراندۆم 9

گۆڤاریکی سیاسی مانگانەیە دەوری دووەم April 2004

## لەم ژمارەیەدا:

به بۆنەی دەرچوونی دەوری دووەمی گۆفاری رفراندوم
ئاسۆ کەمال

دەربارەی هەل ومەرجی کەرکوك و کێشەی شوناسنامەی ئەم شارە
سامان کەریم

فیدرالیزم کێشەیە یان چارەسەر
عەبدوڵا ساڵح

خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر ئەرکێکی مێژوویی و دوو لایەنەدا
حسینی مراد بێگی

هەروەها چەند ووتار و هەواڵی تر......

رفراندۆم
REFERENDUM

گۆڤاریکی سیاسی مانگانەیە

سەرنوسەر
ئاسۆ کەمال
asokamal1@aol.com
بەریوەبەری نوسین
عەبدولا سالح
a.salih@ukonline.co.uk

دەستەی نوسەران :
کورش مودەریسی
فاتح شیخ الاسلامی
کاژاو جەمال
خەسرەو سایە
دەشتی جمال
موحسین کەریم
رحمان حسین زادە
حسین مراد بیگی ( حەمە سوور )

* رفراندۆم بلاوکراوەیەکی ئازادە بیرو رای جیاواز لە بیرو رای رەسمی خۆی بلاو دەکاتەوە.
*هیچ بابەتیک نادریتەوە بە خاوەنەکەی .
* ئەو بابەتانە بلاو دەکرینەوە کە تەنیا بۆ ئەم گۆڤارە نیردراون.
* رفراندۆم ئازادە لە کورت کردنەوەی بابەتەکان

ئەدرەسی رفراندۆم
PO BOX
1575 ,Ilford ,
LONDON IG1 3BZ—U.K
Tel : 07944 952529
Fax : 07801642885

# گفتوگۆی سەرنوسەری گۆڤاری رفراندۆم بەبۆنەی دەورەی دووەمی دەرچوونی گۆڤارەکەوە



رفراندۆم :دوای سالێك دەورەی دووەمی گۆڤاری رفراندۆم دەستی پێکردۆتەوە،تایبەتمەندی ئەم دەورەیە لە دەورەی یەکەمی گۆڤاری رفراندۆم چیە؟

ئاسۆ کمال :بێگومان بە روخانی رژێمی بەعس و ئالوگۆری وەزعی سیاسی عێراق و مەسەلەی کورد لە عێراقدا دەورەیەکی نوێ بۆ کاری گۆڤاری رفراندۆم دەستی پێکردوە . تایبەتمەندی ئەم دەورەیە ئەوەیە کە رژێمی بەعس سەرنگوم بوە و ئیستا خەلکی کوردستان بەلای ستەمی قەومیان لەسەر لاچووە . ئەم هەلومەرجە فرسەتێکی لەبەر خەلکی کوردستاندا کردۆتەوە کە بەیەکجاری لەدەست کێشەی قەومی رزگاری ببێت و چیتر لەعێراقدا وەك هاولاتی پلەدوو سەیر نەکرێت و جیاوازی رەگەزی لەعیراقدا نەمێنێت. ئەم ئەوازعە لەسایەی مانەوەی رژێمی بەعسدا ئیمکانی نەبوو وە ئەمە ئەو ئالوگۆرە سیاسیەیە کە لەوەزعی عێراق و کێشەی کورددا هاتوتە پێشەوە . بەلام سەرەرای ئەم ئالوگۆرانە هێشتا چارەنوسی کوردستان لە نارۆشنی ونادیاریدا راگیراوە و لەبەردەم ئیحتمالات و سیناریۆی جۆراوجۆردا دانراوە .هەربۆیە ئێمە ئێستاش رفراندۆم بە داوا و رێگایەکی دروست و ئسولی دەزانین بۆ ئەوەی خەلکی کوردستان بتوانن لەرێگایەوە چارەنوسی سیاسی کوردستان دیاری بکەن .لێرەوە گۆڤاری رفراندۆم لەم دەورەیەدا دەبێت هەروەك دەورەی پێشوو و بگرە زیاتریش دەورێکی کاریگەرتر بگێرێت لە رۆشنکردنەوەی خەلکی کوردستان سەبارەت بەچارەنوسی سیاسیان و گرتنەبەری رێگایەك کەلە نادیاری و سیناریۆی رەشی گەرانەوەی ستەمی قەومی یاخود شەری فیدرالیزمی قەومی رزگاریان بکات .

رفراندۆم :بۆچی بەرپاکردنی رفراندۆم لە کوردستاندا پێویستە لەکاتێکدا رژێمی بەعس لەنێوچوە و ستەمی قەومی لەسەر خەلکی کوردستان نەماوە؟

ئاسۆ کمال :راستە کە رژێمی بەعس کە سەرچاوەی هێشتنەوەی ستەمی قەومی بوو لەسەر خەلکی کوردستان سەرنگوم کرا و ئەو کابوس و هەرەشە گەورەیە لەسەر خەلکی کوردستان لاچوو بەلام چارەنوسی کوردستان هێشتا دیارنیە چی بەسەر دێت .وجودی ستەمی قەومی و کێشەی کورد لە دەیان سالی رابردوو لەعێراقدا هەلومەرجێکی پێکهێناوە کە تیایدا عێراق بوە بەدووبەشەوە و مەسەلەی کورد بوتە مەسەلەی کێشەی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لەسەر دەسەلاتیان لەبەرامبەر هێزەکانی تر لەعێراقدا .بەلەنێو چوونی ئەو ستەمە و رژێمی بەعس ئەم هەلومەرجە

ل٣ ←

# سەرووتار

## فەوزای ئیرهابی ئیسلامی و ئیحتلالی ئەمریکا

## و خەتەری چاوەڕوانکراوی بۆ سەر کوردستان

ئەو فەوزای ئیرهابەی تاقمەکەی صدر و کۆنەبەعسی و ئیسلامیەکان لەشارەکانی عێراق دروستیان کرد ئایندەیەکی تاریکی خستۆتە بەردەم کۆمەڵگا .ئەم هێزانە دەیانەوێت لەڕێگای ئیرهابەوە دەسەڵاتی ئیسلامی خۆیان بسەپێنن .تاقمەکەی صدر ئەمڕۆ نوێنەرایەتی سەرجەم ئیسلامی سیاسی دەکات لەشەڕ لەگەڵ ئەمریکادا بۆ سەپاندنی حکومەتی ئیسلامی و دەستور و شەریعەتی ئیسلامی .هەروەك تاقمی ئەنصاری ئیسلام لە کوردستان نوێنەرایەتی سەرجەم ئیسلامیەکانی دەکرد لەشەڕ لەسەر دەسەڵات و هەموو ئەو هێزانەش هاوکاری وپشتیوانی ئەو تاقمە تیرۆریستەیان دەکرد .ئێستاش لە سیستانیەوە بگرە تا مەجلس ئەعلای ئیسلامی و حیزبی دەعوەی ئیسلامی هەموویان یەك جەبهەی هاوبەش لەگەڵ تاقمە تیرۆریستەکەی صدرو جەیشی مەهدیەکەیدا پێك دەهێنن و بەموو بەرژەوەندی و بەدیلەکانیان لێك جیاناکرێتەوە هەرچەند هەریەکەیان بەرپرسیارێتی لایەنێکی ئەم جەبهەیەیان گرتبێتە ئەستۆ .

ئیرهابی کۆمەڵگای عێراق بنەمای ستراتیژی هاوبەشی ئەم هێزە کۆنەپەرستانەیە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی ئیسلامیان .ئەمڕۆ کۆمەڵگای عێراق بەهۆی فەوزای ئیرهابی ئیسلامیەکانەوە ڕووەو نابوتی یەکجاری بۆتەوە .سەرجەم بوارەکانی ژیان وەستاوە و ئەمنیەت بەهیچ شێوەیەك نەماوە و تالان و برۆیی جەماعەتی صدر هەموو شاری گرتۆتەوە .بەکورتی سڕینەوەی هەموو شوێنەواریکی ژیان ومەدەنیەت هەدەفی ئەم فەوزای ئیرهابەیە و لە ڕێگەی نابوتی هەموو ژیان و ئەمنیەتی خەڵکەوە ئەمڕۆ ئیسلامیەکان دەتوانن زەمینەی باڵادەست بونی خۆیان و سەپاندنی شەریعەت و دەسەڵاتی ئیسلامی دابین بکەن .

جمهوری ئیسلامی ئێران نەخشەداڕێژەری ئەم فەوزای ئیرهابەیە و ئێستا عێراقی کردۆتە پێشی جەبهەی شەڕی خۆی لەگەڵ ئەمریکادا .خەون و نەخشەی ئێران دروستکردنی جمهوریەکی تری ئیسلامیە کە ببێتە پاڵپشتی تاکو لەڕێگەیەوە نەك تەنها خۆی لەخەتەری ڕوخان بپارێزێت بەڵکو بتوانن پێکەوە ناوچەکە کۆنترۆل بکەن .

ئەم ڕوداوانە نیشانی دەدەن کە نەخشەی ئەمریکا بۆ داگیرکردنی عێراق و دانانی مەجلسی حوکمی تێکەڵ لە ئیسلامی و قەومی وعەشایری نەك نەیتوانیوە وەزعی عێراق بەرەو ئارامی وئاسودەیی بەرێت بەڵکو ئەم نەخشە وسیاسەتەی ئەمریکا خۆی سەرچاوە و درێژە پێدەری ئەم فەوزا وئاژاوە بەردەوامەیە .سیاسەتی عەسکەرتاریەتی ئەمریکا نەیتوانیوە هیچ ئەمنیەت و گوزرەانێك بۆ خەڵکی عێراق دابین بکات وە هاوکات نەخشەی سپاردنی دەسەڵات و داڕشتنی دەستور بە پێی بەرژەوەندی و خواستی ئیسلامی سیاسی وقەومییەکان هیچ ئاکامێکی تری نابێت جگە لە زەمینە خۆشکردن بۆ شەڕی مقاوەمەتی کۆنەپەرستانەی ئیسلامی وبەعسیەکان و شەڕی قەومی ومەزهەبی نێو ئەندامانی مەجلسی حوکم وحزبەکانیان لەسەر تەقسیمی فدرالی و مەزهەبی دەسەڵات لە عێراقدا . لەسایەی ئەم سیاسەتانەی ئەمریکادا عێراق لە گێژاوی شەڕی نەبڕاوە و سیناریۆیەکی ڕەشدا دەبێت وبەبێ چونە دەرەوەی ئەمریکا لەعێراقدا هیچ ئایندەیەکی ئارام وئاسودە و خۆشگوزەرانی بەنسیبی خەڵك نابێت .

خەڵکی عێراق ئەمڕۆ پێویستیان بە جەبهەیەکی سێهەم هەیە تاکو لەخەتەری ئیسلامی سیاسی و لە نەخشەی سیناریۆی ڕەشی ئەمریکاش ڕزگاریان بکات .خەتەری تاقمەکەی صدر سەرەتای خەتەری کۆنترۆلی دەسەلاتە لەلایەن ئیسلامیەکانەوە و سەپاندنی حکومەتێکی ئیسلامیە بەسەر خەڵکدا .شەڕی صدر و ئەمریکا بە هەر کوێیەك بگات ئەم فەوزای ئیرهابە لەلایەن ئیسلامیەکانەوە بۆ کردنی دەسەڵاتی خۆیان بەئەمری واقیع سوودی لێوەردەگرن و درێژەی پێدەدەن .هەربۆیە کاری جەبهەی سێهەم ئەوەیە کە هەرچی زووتر کۆمەڵگا دژ بەم فەوزای ئیرهابیەی عەسکەرتاریەتی ئەمریکا وشەڕی

ل ٢١ ←

## گفتوگۆی سەرنوسەری . ..

لەناونەچوە وچارەنوسی کوردستان بەناڕۆشنی لەبەردەم دوو سیناریۆدا ڕاگیراوە .لەلایەك کوردستان هەروەك 12 ساڵی ڕابردوو سەرەڕای جیایی بەعەمەلی لەسایەی هەوڵی هێزە ئیسلامی وقەومیە عەرەبیەکان لەعێراقدا بۆ مۆرکردنی دەسەڵاتی مەرکەزی بە مۆرکی قەومی وئیسلامی هەڕەشەیەکن بۆ سەر خەڵکی کوردستان و هەوڵی گێڕانەوەی خەڵکی کوردستان دەدەن بۆ ژێرسایەی ستەمی قەومی .لەلایەکی ترەوە کێشەی ئەحزابی ناسیونالیست بۆ تەقسیمی دەسەڵات لەگەڵ ڕەقیبەکانی لە عێراقدا بەردەوامە و ئەم حزبانە چارەنوسی خەڵکی کوردستانیان بەستۆتەوە بەو ڕێکەوتنە فیدرالی و حوکمی زاتیەوە کەلەسایەی شمشێری دیموکلیسی شیعەی سیاسی و ناسیونالیزمی عەرەبیدا دەبێت ئەمڕۆ بەسبەینێ بکات و بازاڕی ڕۆژی یەکێتی وپارتی پێ بگەڕێت .

لەم هەلومەرجەدا چارەنوسی کوردستان لەبەردەم ئەم دوو سیناریۆیەدا ڕاگیراوە و ئایندەیەکی ناڕۆشنی هەیە .هەربۆیە ئەمڕۆ پێویستە خەڵکی کوردستان خۆیان خاوەنی بڕیاربن لەسەر چارەنوسیان تاکو بتوانن خۆیان لەو مەترسیانەی سیناریۆکانی ئەحزابی ئیسلامی و قەومی دەیسەپێنن بەسەر خەڵکدا .رفراندۆم ئەو وەسیلەیە کە خەڵکی کوردستان لەڕێگەیەوە دەتوانن خۆیان ئەم چارەنوسە سیاسیەی کوردستان دیاری بکەن و ئایندەی سیاسی خۆیان لەدەست ئەحزابی ناسیونالیستی کورد دەربهێنن .

ئەحزابی ناسیونالیستی کورد دەیانەوێت لە ڕێگەی سەپاندنی بەدیلی فیدرالی خۆیانەوە چارەنوسی کوردستان ببەستنەوە بەشەڕی دەسەڵاتی حزبەکانیانەوە لەگەڵ ئەحزابی ئیسلامی وقەومی لە عێراقدا .بەم پێیە مافی خەڵکی کوردستان لە دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی کوردستاندا ناسەلمێنن و خۆیان دەکەنە خاوەنی بڕیاردان لەسەر چارەنوسی کوردستان و وەکو هەمیشە سات و سەودا و مامەڵە بە چارەنوسی خەڵکەوە دەکەن لەپێناو بەدەستهێنان وپاراستنی دەسەڵاتی حزبەکانیاندا .نمونەی ئەم ڕاستیە ئێستا لە دەستوری کاتیدا دەبینین کە ئەحزابی ناسیونالیست چارەنوسی کوردستانیان بەستۆتەوە بەڕێکەوتنێك لەسەر حکومەتیکی زاتی کە وەك ڕێکەوتنامەی 11 ئازاری 1970 و حوکمی زاتیەکەی لەبەردەم هەڵوەشاندنەوە و دەستپێکردنەوەی شەڕی قەومیە لە هەرکاتێکدا تەوازنی هێز بە قازانجی ئەحزابی ئیسلامی و قەومی گۆڕدرا .ئەم ڕاستیە لە ئێستاوە دەبێت ئەو ئاگاداریە بدات بە خەڵکی کوردستان کە نابێت چارەنوسی خۆیان بدەنە دەست ئەم ڕێکەوتنانەی یەکێتی وپارتی لەگەڵ شیعەی سیاسی وقەومیە عەرەبیەکاندا دەبێت خەڵکی کوردستان لەڕێگەی بەرپاکردنی رفراندۆمەوە بتوانێت مافی خۆی بۆ دیاریکردنی ئایندەی سیاسی کوردستان پیادەبکات . هەربۆیە ئێمە لەئێستادا بۆ بەڕەسمیەت ناسرانی ئەم مافەی خەڵکی کوردستان تێدەکۆشین و دەبێت مافی بەرپاکردنی رفراندۆم لەلایەن سەرجەم ئەحزابی سیاسی کوردستان وعێراق ولەلایەن کۆمەڵگای نێودەولەتی ونەتەوەیەکگرتوەکانەوە بۆ خەڵکی کوردستان بەڕەسمی بناسرێت و پابەندی خۆیان بە جێبەجێکردنیەوە ڕابگەیەنن .

رفراندۆم : پرسیاری ئەم رفراندۆمە لەم دەورەیەدا چی دەبێت؟

ئاسۆ کمال : رفراندۆم بۆ یەکلایی کردنەوەی ئایندەی سیاسی کوردستانە لە نێوان مانەوەی لە عێراقدا یان جیابونەوە .ئەم چارەنوسە نادیارەی ئێستا لەبەردەم دوو ڕێگاچارەدایە ،ئەویش مانەوە لەعێراقدا وەك هاوڵاتی یەکسان یاخود جیابونەوە و پیکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ . هەر تەقسیماتێکی تر لەسەر بنەمای قەومی وەك حوکمی زاتی وفیدرالی دروست کردنەوەی هاوڵاتی پلەجیاجیای کورد وعەرەب و تورکمانی وهتد . .وە هەروەها دروستکردنی ئەو سنور و دەسەڵاتە قەومی وئیسلامیە جیاوازانەیە کە نەیتوانیوە وناتوانێت ڕێگاچارەی مەسەلەی کورد بێت لە عێراقدا .ئەم دووڕێگاچارەیە هەردووکیان مەترەحە و خەڵکی کوردستان لە رفراندۆمێکدا دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرێت . هەربۆیە پرسیاری بەردەم رفراندۆم لەم دەورەیەشدا هەمان پرسیاری جیابونەوە یان مانەوەیە لە عێراقدا .

ئەو چەواشەکاریەی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بەناوی ″ رفراندۆم ″وە لەم دەورەیەدا کردویانە و درێژەی پێدەدەن ئەوەیە کە رفراندۆمیان لەگەڵ فیدرالییدا تێکەڵاوکردوە و دەیانەوێت پرسیاری رفراندۆم بکەن بە ڕاپرسی لەسەر فیدرالیزمی قەومی .سەرەڕای ئەوەی رفراندۆم لەسەر فیدرالی ناتوانرێت بەتەنها لە کوردستاندا بکرێت چونکە فیدرالیەت واتە یەکێتی نیوان دوولا و دوو دەسەلات و دوو ناوچە ،پێویستە لە هەردوولا بپرسین کە ئایا ئەو یەکێتیەیان قبوڵە یان نا؟ ئەمە ڕیکەوتنی دڵخوازانە و هەڵبژاردنێکی ئازادانەی هەر دوولایە و رفراندۆم و ڕاپرسی بەتەنها لە کوردستاندا ناتوانێت فیدرالیەت بینێتە دی ئەگەر خەڵکی باقی عێراق ڕای خۆیان نەدەن .هەربۆیە دەبێت ڕێگە نەدرێت هەر حزبە بێت و خواستی خۆی بی رفراندۆمدا هەڵبواسێت و فیدرالیزم دەبێت لە رفراندۆم جیابکەینەوە وبزانین فیدرالیزم پەیوەندی بەرفراندۆمەوە نی‌یە .پرسیاری رفراندۆم هەروەك لە تەیموری شەرقی و صەحرای غەربی لە مەغریب تەنها یەك پرسیارە ئەویش مانەوەیە یان جیابونەوەیە و حوکمی زاتی و فیدرالی پەیوەندی بە رفراندۆمەوە نی‌یە .

رفراندۆم :هەڵبژاردنی ڕێگای جیابونەوە و پیکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ یان مانەوە

ل٤ ←

## گفتوگۆی سەرنوسەری . .

لەعێراقدا لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بەچی شتێکەوە بەندە؟

ئاسۆ کمال : ئێمە وەك حەرەکەتی رفراندۆم لە دەرووەی پێشوودا رێگای جیابونەوەمان بەتەنها رێگاچارەی فەوری دەزانی لەبەرئەوەی لەسایەی مانەوەی بەعسدا وەك رژێمێکی قەومی عەرەبی ئیمکانی چارەسەری کێشە وستەمی قەومی نەبوو وە هاوکات وەزعیەتی سەرگەردانی سیاسی لە کوردستاندا لە رێگای پیکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆوە چارەسەر دەکرا .

لەدەورەی ئێستادا دوو رێگاچارە لەبەردەمدایە کە هەریەکەیان ئیمکانی جێبەجێبونیان بەچەند فاکتەرێکەوە بەستراوەتەوە .رێگای یەکەم ،رێگای مانەوەیە وەك هاوڵاتی یەکسان لەرێگای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سکۆلاری غەیرەقەومیەوە لە عێراقدا کە کێشەی کورد چارەسەر ببێت و جیاوازی قەومی لەعێراقدا ریشەکێش بکرێت و رێگا لە گەرانەوەی یەکجاری کێشەی قەومی لەعێراقدا بگیرێت .ئەمە دەرفەتێکە کە لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا کراوەتەوە کەچیتر وەك هاوڵاتی پلە دوو لەعێراقدا بەچاوی کەمتر سەیر نەکرێت ومامەڵە نەکرێت وە بتوانێ دەری خۆی وەکو باقی هاوڵاتیانی تری عێراق لە ئیدارە ودیاریکردنی چارەنوسی سیاسی و ئایندەی عیراق و کوردستاندا بگێرێت . ئەم فرسەتە بەستراوەتەوە بە سیستەم و حکومەتی مەرکەزیەوە کە بتوانێ مۆرکی قەومی عەرەبی و ئیسلامی هەڵنەگرێت و رژێمێکی سکۆلار و غەیرە قەومی بێت تاکو خەڵکی کوردستان بتوانن خاوەنی مافی یەکسان بن لەگەڵ باقی هاوڵاتیانی عێراقدا و جیاوازی رەگەزی لە ئاسنامە و بنەمای دەسەڵات و ئیدارەدا هیچ پاشماوەیەکی دیارنەمابێت .ئەمە رێگاچارەیەکی ئینسانی یە کە لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان وعێراقدایە و ئایندەیەکی ئاسودە و دوور لە مەئساتەکان و تراژیدیای شەری قەومی وستەمی قەومی رابردوو بۆ سەرجەم خەڵکی عێراق دابین دەکات .ئەمە فرسەت ورێگاچارەیەکی ئینسانیە بۆ هەرکام لە خەڵکی عێراق و کوردستان و هەربۆیە پێویستی بە خەباتی هاوبەش وسەراسەری هەردوولایە بۆ هێنانە سەرکاری حکومەتێکی سکۆلار ی غەیرە قەومی .ئایندەی ئاسودە و خۆشگوزەرانی خەڵکی عێراق و کوردستان لە گرەوی دوور خستنەوەی ئەم سیناریۆ رەشانەی شەری قەومی وتەقسیمی فیدرالی دەسەڵاتە لەنێوان هێزە قەومی وئیسلامیە رەنگاورەنگەکانی عیراقدا وە هەروەها لەگرەوی سەرکەوتنی ئەم خەباتە هاوبەشەی خەڵکی کوردستان وعیراقدایە لەپێناو هێنانە سەرکاری رژێمیکی سکۆلاری غەیرەقەومی .ئەمە رێگاچارەیەکی دڵخوازی ئێمەیە بەڵام ئەم فرسەتە لەسایەی سیناریۆیەکی رەشدا کە لە نەبونی ئەمنیەت و گوزەران و هەرەشەی بەدیل و وجودی هێزە ئیسلامی وقەومیەکان و بونی ئیحتلالی ئەمریکیدا خۆی دەبینیتەوە ترسی لەدەستدانی هەیە .کێشە و شەری ئێستا لەسەر سەپاندنی بەدیلی حکومەتی ئیسلامی شیعەی سیاسی یاخود فیدرالیزمی قەومی ناسیونالیزمی کورد مەترسی ئەگەری تەبدیل بونی وەزعی عێراق وکوردستان بەمەیدانی شەر وتەقسیمی قەومی و مەزهەبی عیراقی هێناوەتەئاراوە .دەستوری کاتی ئێستا و تەقسیمی دەسەڵات لەسەر بنەمای قەومی و مەزهەبی بەپێی ئەو دەستورە و سەپاندنی مۆرکی ئیسلام بەدەسەڵاتەوە لەعێراقدا و هەڵخراندنی هەستی قەومی وئیسلامی کۆنەپەرستانە لەلایەن ئەحزابی شیعەی سیاسی و ناسیونالیزمی کوردەوە و سازکردنی جەبهەی شەری قەومی وئیسلامی بونەتە کۆسپی بەردەم بەدیلی دەوڵەتی عەلمانی وغەیرە قەومی .دەبێت ئێمە سەرەرای کارکردنمان بۆ بەدیلی دڵخوازی خۆمان رێگا چارەی واقعی بۆ پراستنی کۆمەڵگای کوردستان وعێراق بەدەستەوە بگرین لە کاتیکدا کە ئەم سیناریۆ رەشە کە کۆمەڵگای عێراق بەرەو شەری قەومی و ئیسلامی دەبات بەسەرماندا سەپێنرا .

رێگاچارەی دووەم ،جیابونەوە لە عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیە .ئەمە رێگاچارەیەکی ناچاری بەڵام پێویست دەبێت لە کاتیکدا کە دەبینین رۆژ بەرۆژ مۆرکی قەومی وئیسلامی لەدەوڵەتی عێراق دەدرێت و شیعەی سیاسی هەرەشەیەکی جدین بۆ سەپاندنی حکومەتێکی ئیسلامی بەسەر خەڵکی عێراق و هەرەشەیەکی جدین بۆ سەر ئایندەی کوردستان کە بیگێرنەوە ژێر سایەی ستەمی قەومی وە هاوکات یەکێتی وپارتی چارەنوسی کوردستانیان بەستۆتەوە بەشەری خۆیانەوە لەسەر حوکمی زاتی وفیدرالیەتێك کە بەشە دەسەڵاتی ئەوان تیایدا دەپارێزێت و بەم کارە کوردستان هەمیشە لە گێژاوی شەری قەومی و شەری دەسەڵاتی ئەم حزبانەدا دەهێڵێتەوە .کاری ئێمە بۆ ئەوەیە کاریگەری ئەم فاکتەرانە لەسەر کۆمەڵگای کوردستان وعێراق نەهێڵین بەڵام هەوڵی ئێمە لایەنێکی ئەو واقعیەتەیە و دەبێت هەموو چوارچێوەی ئەوم وەزعیەتەی عێراق و کوردستانمان لەبەرچاوبێت .

لەهەڵبژاردنی هەرکام لەوو دوورێگایەی سەرەوەدا خەڵکی کوردستان دەیەوێت کە خۆی لە سیناریۆی رەشی ئەحزابی ئیسلامی وقەومی رزگاربکات و خۆی لەئێستاوە ئایندەیەکی دوور لە شەر و کێشەی قەومی و دوور لە دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی ئیسلامی بۆ خۆی دیاری بکا . خەڵکی کوردستان دەیەوێت لە رێگای رفراندۆمەوە ئەو شەرعیەتە بۆ خۆی بگەرێنێتەوە کە ئەم حزبانە زەوتیان کردوە و چارەنوسی خەڵکی کوردستانیان کردۆتە بارمتەی شەری خۆیان لەسەر دەسەڵاتی میلیشیاییان .خەڵکی کوردستان بەپێی بەرژەوەندی و تەجروبەی خۆی و بەپێی هەرکام لەو فاکتەر و واقعیەتانەی سەرەوە یەکێك لەوو دوو رێگایەی سەرەوە هەڵدەبژێرێت .

رفراندۆم : ئەحزابی

ل٧ ←

# خەڵکی کوردستانی عیراق لە بەرامبەر ئەرکێکی تاریخی و دوو لایەنە دا

## حسێن مرادبیگی ( حەمە سوور )



بۆتەوزیحی ئەم مەسەلەیە لە پێشدا ئاورێکی کورت لە رابردووی مەسەلەی کورد و رووداوەکانی پاش شەری کەنداو ئەدەمەوە، پاشان دەچمە سەر مەسایلی ئەمرۆی کوردستانی عیراق و عیراق، مەسایلێک کە ئیستا زەینی هەموو خەڵکی لە کوردستانی عیراق و لە عیراق داگرتووە .

### ناسیۆنالیزمی کورد و حیزبەکانی و مەسەلەی کورد

ستەمی نەتەوایەتی و سەرکوتی خەڵکی کوردستان بەم بۆنەیەوە، مێژویکی دوور و درێژی هەیە، بنەمای ئەم ستەمەش دەوڵەتانی شووێنیست و سەرکوتگەری ناوچەکەن .حیزبە ناسیونالیستی یە -عەشیرەیە کانی کوردیش لە بوونی ستەمی نەتەوایەتی و سەرکوتی خەڵکی کوردستان، بۆ بە هێز کردن و بە دەسەڵات گەیاندنی خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە و کەڵک وەردەگرن .لەبەر ئەوە هەر کات بیر لە مەسەلەی کورد دەکەیەوە، لە لایەکەوە ئاوارەیی و دەربەدەری و مەینەتی خەڵکی کوردستانت بە بۆنەی ستەمی تەتەوایەتیوە دێتەوە بیر ، لە لایەکی ترەوە، حیزبە ناسیونالیستەکانی کورد کە تەنیا لە فیکری قازانج ومەسلەحەتی خۆیان دابوون و بەش بە حاڵی خۆیان ئەم بارەیان لەسەر خەڵکی کوردستان قورس تر کردوە .مەسەلەی کورد بۆتە دەست مایەی سات و سەودا و کەین و بەینی ئەم حیزبانە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی و لەگەڵ دەوڵەتانی کۆنە پەرستی ناوچەکە لە دژی قازانج و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و لە دژی یەکتر . وەحشیگەری دەوڵەتانی شووێنیستی عێراق و ئیران و تورکیا و ..لە دژی خەڵکی کوردستان لە لایەک، سات و سەودا و کەین و بەینی ئەمانە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە لە لایەکی ترەوە، مەینەت و مەرارەتی خەڵکی کوردستانیان دوو قات کردۆتەوە .

ناسیۆنالیزمی کورد و حیزبەکانی بەش بە حاڵی خۆیان لانی کەم لە 50ساڵی رابردوو دا، نەهاتوونەتە سەر چارەسەرکردنی یەکجاری مەسەلەی نەتەوایەتی کوردو کۆتایی هێنان بە مینەت و مەرارەتی خەڵکی کوردستان .داخوازی خۆیان قەت نەبردۆتە سەر دوو شتی رۆشن :یا ئیجازە بدەن خەڵکی کوردستان جیابنەوە و دەوڵتی سەربەخۆ پێک بێنن، یان مانەوە بە شەرتی بەرەسمیەت ناسینی مافی شاروەندی تەواوو کەماڵ بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، بە مەرجی پێک هاتنی دەولەتێکی عیلمانی و غەیرە قەومی بە چەشنێک کە کەس بە بۆنەی قەومیەت و میللیەت، دین، ژن یا پیاو بوونەوە هەڵ ناوێردرێ، کەس بە درەجە یەک و دەرەجە دوو حیساب نەکرێ .لە جیاتی ئەم داخوازیە رۆشنە، گەیشتن بە دەسەڵاتی هاوبەش لە کوردستان لەگەڵ دەولەتی مەرکەزی هەموو ستراتیژی و ئامانجێکیان بووە .بۆ ئەم مەبەستەش، خەڵکی کوردستانیان لە ماوەی 50 ساڵی رابردوودا لە بازنەی شەر و موزاکرە)مفاوزە (و چاوەروانی خۆیاندا هیشتۆتەوە، نە ئەوەیە بلێن جیادەبنەوە و دەوڵەتی سەربەخۆ پێک دێنن، نەئەوەیە بلێن دەمێننەوە بە شەرتی ناسینی حەقی شاروەنەی تەواوو کەماڵ بۆ خەڵکی کوردستان، بەو شێوەی پێشتر باسم کرد .

ریشەی پێ داگرتنی حیزبە ناسیونالیستەکانی کورد لە سەر دەسەڵاتی هاوبەش لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لە کوردستان، پێش هەموو شتێک لە قەزانج و بەرژەوندی ئەوان و لە مەوقیعیەتی بۆرژوازی کورد لەو وڵاتانەدا سەرچاوە دەگرێ، نەک لەوەوە کە چی بە قازانجی خەڵکی کوردستانە، یان ریگاچارەی واقیعی مەسەلەی کورد کامەیە .بۆرژوازی کوردیش وەکوو بۆرژوازی هەموو وڵاتاتی تر مەسەلەی نەتەوایەتی کوردی بە دەسەڵاتی سیاسی خۆیەوە گرێوەداوە، بەڵام بە هۆی ئەوەوە شوێنە کورد نشینەکان لە نێو چەند وڵات دا قەراریان گرتووە، ئەم مەسەلەیە تایبە تمەندی خۆی بە خۆیەوە گرتووە .پێک هاتنی ئاڵووگۆری قووڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی سەرمایەداری لەو وڵاتانە دا، بۆرژوازی کوردی لە نیوخۆیدا تواندۆتەوە و تێکەڵاوی بازاری سەراسەری ئەو وڵاتانەی کردوە .بەم دەلیلە بۆرژوازی کورد بە هۆی مەوقعیەتی لە بازاری ئەو وڵاتانەدا قازانج و بەرژەوەندی ستراتژیکی خۆی لەمانەوە لە چوارچێوەی بازار و ئابووری ئەو وڵاتانەدا دەبینێ . خۆازیاری جیابوونەوە نیە، بەڵام داوای بەشی خۆی لە داهاتی کوردستان و لە زیادەبایی هیزی کاری چینی کریکاری کوردستان دەکا . شەری ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لە راستی دا لەسەر ئەم بەشەیە، هەڵبەت بە ناوی مەسەلەی کوردەوە و بە کەڵک وەرگرتن لە ستەمی نەتەوایەتی و لە سەر مەینەت و مەرارەتێک کە بەم بۆنەوە لە خەڵکی کوردستان دەچێ .پێشتر خودمختاری)حوکمی زاتی(بوو ، ئیستا" فیدرالیزم "قەرارە بەم هەدەفە خزمەت بکا.

مەسەلە ئەوە نیە کە خودمختاری)حوکمی زاتی(، ئیستا فیدرالیزم، ئاسان تر لە ریفراندۆم بۆ جیابوونەوە و دەوڵەتی سەربەخۆ یان مانەوە لەووڵاتەدا سەردەگرێ، مەسەلە ئەوەیە کە حیزبە ناسیونالیسە کانی کورد بە هیچ جۆرێك نایانەوێ خەڵکی کوردستان راستەوخۆ بێنە مەیدان و لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی کوردستان دا بەشداربن .بەم دەلیلە سادەیە کە مەسەلەکە لە ژێر چۆکی ئەوان دێتە دەرێ و دەبێ بە مەسەلەی هەموو خەڵک لە کوردستان .ئیتر ئەو تورەکەیەی کە حیزبە ناسیونالیستەکانی کورد بە نێوی مەسەلەی کوردەوە سالهایە بۆ گیرفان پرکردن، بۆ سات و سەودا لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و بۆ پاساوکردنی هاوکاری لە گەڵ دەوڵەتە کۆنە پەرستەکامی ناوچەکە بەشانیانداکردوە، مەجبوردەبن لە شانیان داکەنن .مێژووی 50 ساڵی رابردووی حیزبە

ل٦

## خەڵکی کوردستانی عێراق لە بەرامبەر

ناسیونالیستە کانی کورد و ژیانی خەڵکی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی پارتی و یەکیەتی لە 12 ساڵی رابردوودا، باشترین بەڵگەن بۆ ئیسباتی ئەم ئیدیعایە .بروانە قەسر و قسوریان، بڕوانە پارە و پووڵیان تا بی بینن دەست لە ناو دەستی سەرمایەدارانی کوردستانی عێراق لەسەر فەقیری و هەژاری خەڵکی کوردستانی عێراق بەکوێ گەیشتوون .پارە و پووڵییان نەك لە بانکەکانی ئاسیا و ئوروپا و ئامریکا، بەڵکو لە بانکە کانی وڵاتانی ئەمریکای لاتینیش تێ پەربووە .بە پێی ئاماری یەکیك لە بانکەکانی هوڵەند کە لە رۆژنامەی هاوڵاتیش دا چاپ کرابوو، ژمارەی سەرمایەدارانی میلیونێرِی کوردستانی عیراق لە سالی 1991 دا 5 کەس بووە، بەڵام لە سالی 2003دا گەیشتۆتە1080 کەس .

هەمووان دەزانن بەشی هەرە زۆری ئەم میلیونێرە تازە پێگەیشتوانە، بەریوەبەران و دەست و پێوەندەکانی پارتی و یەکیەتین .لە بەرانبەر ئەوە دا بروانە ژیان و گوزەرانی زوربەی زۆری خەڵکی کوردستانی عێراق کە لەوپەری فەقیری و نەداری دا ژیاوون، لەم ماویە دا بە هۆی هەژاری و شەری ناوخۆی ئەوانەوە چی یان بەسەر نەهات !ستەم و بێحورمەتی کردن بە ژن کە لە قەلەم نایە . لەماوەی ئەم 12 سالە دا چەنە هەزار ژن کوژران، چیرۆکێکی تاڵ کە ئێستاش هەر بەردەوامە .کەم نەبوون ئەو کەسانەی کە لە بەر فەقیری و نەداری لە رێگای هەندەران دا خنکانن و لەبەین چوون .داهاتی برایم خەلیل و باقی سنوورەکان، مالیاتیك كە رۆژانە لە خەڵك وەردەگیرێ و پارەی فرۆشی نەوتی نەتەوەیەگرتووەکان، ئەوندە بوو کە کوردستانی عێراقی پێ بکرێتە وڵاتێکی تێروتەسەل لە ناوچەکەدا . بروانە ژیانی زوربەی زۆری خەلکی کوردستانی عێراق پاش 12 ساڵ، پاشان بروانە قەسەر و قسوور و ئیمکانات و پووڵ و پارەی بەرێوەبەرانی پارتی و یەکیەتی و باقی سەرمایەدارانی کوردستانی عێراق و لەم بارەیەوە قەزاوەت بکەن .هەرکەس ئەم راستیە نەسەلمینی، یان خۆی فریوو دەدا یان قازانجی خۆی لەو وەزعە دا دەبینێ .

رووداوەکانی پاش" ناوچەی ئەمن." رووداوەکانی پاش شەری کەنداوو پێکهاتنی" ناوچەی ئەمن"، بوون بە هۆی ئەوەوە کە بەشێکی زۆری کوردستانی عێراق لە ژێردەسەڵاتی رژیمی بەعس بێتە دەرێ .پاش "شەری کەنداو"، دەولەتی بەعس لە عێراق لەسەرکار مایەوە، بەڵام بە هۆی" ناوچەی ئەمن"وە دەسەڵاتی بە سەر بەشێکی زۆر لە کوردستانی عێراق دا لە دەست دا" .ناوچەی ئەمن "لە لایەکەوە وەزعێکی نالەباری لە باری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی یەوە بۆ خەڵکی کوردستانی عێراق پێك هێنا، لە لایەکی ترەوە، هەلێکی لەباری بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە کوردستانی عێراق دا رەخساند . کوردستانی عیراق لەو کاتەدا وڵاتێکی بێ ئاسو بوو ,نە وەزعی ئابووری روون بوو ,نە سنووری نێونەتەوەیی دیاربوو و نە خاوەنی دەوڵەتێك بوو کە وڵاتانی تری جیهان بە رەسیمەتی بناسن .وڵاتێکی بێ هەویە، خەلکەکەی مەعلووم نەبوو تەبەعەی کوێن، لە وڵاتی خویان دا ببوون بە ئاوارە و چاوییان لە دەستی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیبوو .بۆ کۆتایی هینان بەم وەزعە، لەو کاتەدا تەنیا دوو رێگا هەبوو :سەربەخۆیی کوردستانی عیراق یان گەرانەوە بو بەردەستی بێ بەزەیی سەددام و رژیمی فاشستی بەعس .ریگای ئەوەڵ، سەربەخۆیی کوردستانی عیراق ,پرۆژەی مەنسوری حیکمەت بوو کە حیزبی کومونیستی کرێکاری عێراق بە دەستیەوە گرت . لەبەرامبەر ئەمەدا، پروژەی بەرێوەبەرانی پارتی و یەکیەتیش , هەروەك ئاگادارن ,راگرتنی ئەو وە زعە بوو هەتا گەرانەوەی حوکمی سەددام !ئێمە ئەو دەم کوتمان پارتی و یەکیەتی بۆیان هەیە، لانی کەم، رایگەیەنن تا سەددام و رژیمی بەعس لەسەر کاربن ئەوان چارەنووسی سیاسی کوردستانی عیراق لە عیراق جیادەکەنەوە۔ کوتمان دەتوانن بلێن ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی عێراق دەوڵەتێك بۆایە ئەوەی بسلماندایە کە عێراق مەوتەنی عەرەبی نیە، وڵاتی هەموو دانیشتوانی عیراقە، کەس بە شاروەندی دەرەجە یەك و دەرەجە دوو حیساب ناکری، دەوڵەت، دەوڵەتی قەومی نیە، دینی نیە، هی هەموو دانیشتوانی عیراقە و هەمووان لەبەرامبەر ئەم دەوڵەتە دا حەقی یەکسان و بەرابەریان هەیە، خەڵکی کوردستانی عیڕاقیش لە چوارچێوەی عیڕاقدا دەمانەوە .بەڵام بەریوەبەرانی پارتی و یەکیەتی کە تەنیا لە فیکری پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان و حیزیەکانیان و پرکردنی گیرفانیان دابوون، بەرامبەر بە قازانج و بەرژەوەندی و داهاتووی سیاسی خەلکی ئازادیخوّاز و یەکسانی خۆازی کوردستانی عیراق وەستان .هەردووك پێیان کردبووە کەوشێك پەیتا پەیتا بە دەولەتە کۆنە پەرستەکانی ناوچەکە بەلێنیان دەدا کە ئەگەر خەڵکی کوردستانی عیراق داوای سەربەخۆیی بکەن خۆیان پێش ئەو دەوڵەتانە لە بەرامبەریان دا رادەوەستن !بڕوانە قسەکانیان ، بڕوانە موقابلەکانیان لەگەڵ رۆژنامەکانی ئەوسەردەمەدا .مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی رۆژی 20/11/ 2001لە پەیمانگەی کادیرەکانی پارتی دا دەلی" : پارتی داوای سەربەخۆیی کوردستانی عیراق ناکا "و دەڵێ " :بەراستی ئەوە ئیستیفزازە بۆ مەشاعیری کورد !". دەمان کوت هەتا سەددام مابێ هیچ مافێك بۆ خەلکی کوردستانی عیراق بە رەسمیەت ناناسرێ، دەیان کوت":ریگا چارەی مەسەلەی کورد لە کوردستانی عیراق لە بەغدایە "!وت وێژی مەسعوود بارزانی لەگەڵ لینا سوبولینا ، .14/11/2001 یان دەیان گوت ریگا چارە لە دەست سەرك کۆماری بەریزی عیراق دایە !سەیر ئەوە بوو پارتی و یەکیەتی خۆیان کوردستانی عیراقیان کردبووە دوو بەشەوە، ئێستاش هەروایە، حازرنەبوون بیکەنەوە بە یەك، داویان لە سەددام حسین دەکرە "فیدرالیزمیان "پێشکەش کا، ئەویش دوو فیدرالیزم !یەکیان بۆ ناوچەکانی ژێر دەستی پارتی، ئەوی تریشیان بۆ ناوچەکانی ژێر دەستی یەکیەتی !بەم جۆرە پارتی و یەکیەتی 12 ساڵی تەواو خەڵکی کوردستانی عێراقیان لە ژێر مۆتەکەی گەرانەوەی سەددام دا راگرت، ئێستاش هیچ ریگاچارەیەکیان بۆ داهاتووی ئەم خەڵکە نیە، غەیری

ل٩ ←

## گفتوگۆی سەرنوسەری . .

ناسیونالیستی کورد وا ئیدعا دەکەن کە ئەو دەستورە کاتیەی مەجلسی حوکم دەریکردوە ماف و چارەنوسی خەڵکی کوردستانی تێدا پارێزراوە و ئەمە دەستکەوتێکی مێژوویی‌یە ، ئایا ئەمە چەندە لەو اقیعدا دەتوانێت ببێتە ئەمری واقیع و بمێنێتەوە؟

ئاسۆ کمال :خودی پرۆسەی دەرکردنی دەستورەکە و خۆپیشاندانی ئیسلامیەکان لەدژی بەندەکانی ئەو ڕێکەوتنامەیە نیشانی دەدا کە چارەنوسی ئەم حوکمی زاتی وفیدرالیەی ئێستا ناسیونالیزمی کورد دەستی کەوتوە زۆر لە ڕێکەوتنەکە 1 ئازاری 1970چارەنوسێکی گەشتری نابێت .قسەکانی سیستانی و مەجلسی ئەعلای ئیسلامی ودەعوە و صدر و هتد . .جیاوازیەکی لەگەڵ هەڵوێستی بەعس وصدام نی‌یە بۆ بەرامبەر بە پێویستی دەسەڵاتی ″ زۆرینە″ی شیعە بەسەر ″ کەمایەتی ″کورددا .چ لەسایەی دەستوری ئیسلامی و حکومەتێك کە ئیسلامیانە سبەینێ لە عێراقدا ″ بەدەستی دێنن لەڕێگای هەلبژاردن″ەوە دەبێت خەڵکی کوردستان چ ئایندەیەکی ئارام و دوور لەستەم چاوەڕوان بکەن؟ تاکەی خەڵکی کوردستان دەبێت چارەنوسیان بەو ڕێکەوتنە لەرزۆکانەوە ببەسترێتەوە کە یەکێتی وپراتی بەپێی بەرژەوەندی ڕۆژیان وبەپێی تەوازنی هێز لە بەرامبەر ڕەقیبە ئیسلامی وقەومیەکانیان لە عێراقدا دەبیەستن و مەعلوم نی‌یە کەی بەبیانوی پاراستنی یەکپارچەیی عێراق لەشکری جمهوری ئیسلامی عێراق نایەتە سەر کوردستان یان لەسەر کەرکوك شەڕی پیرۆزی قەومی هەڵناگیرسێت .ئەم ڕیکەوتنانە نەك توانای مانەوە و ژیانیان بۆ هەمیشە لە عێراقدا نی‌یە بەڵکو بونیان بەئەمری واقعیش بەقیمەتی بەربارمتە گرتنی هەموو چەشنە ئارامی و ئاسودەیەك دەبێت لە عێراقدا .ئەحزابی ناسیونالیستی کورد تەجروبەیان لە درێژەپێدان بە دەسەڵاتیان لەو وەعیەتە دیفاکتۆیانەدا هەیە بەڵام دەبێت خەڵکی کوردستان 12 ساڵی‌تر لە شەڕی ناوخۆ و سەرگەردانی لەئاستی عێراقدا ئەمجارە قبوڵ کات هەرچۆن لە کوردستاندا بەسەریدا سەپێنرا .بە پێی ئەم واقیعیەتانە ئەمە نەك دەستکەوتی مێژوویی نی‌یە بۆ خەڵکی کوردستان بەڵکو لەسایەی ئەم دەستور و دەسەڵاتە ئیسلامی وقەومیانەدا ماف وچارەنوسی خەڵکی کوردستان بەهیچ شێوەیەك پارێزراو نابێت .بەپێچەوانەوە ئەم دەستورە ئیسلامی‌یە وئەو تەقسیماتەی ناوی پێشیلکردنی ماف وچارەنوسی کوردستانە لەپێناو پاراستنی ئیمتیاز و دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی دا .ڕێگا چارەی خەڵکی کوردستان لە بەرگرتن بە شەرعیەتدان بەم ڕیکەوتنانەوەیە کە لەسەروو خەڵکی کوردستانەوە و لەسەر حسابی ماف وچارەنوسی ئەوان کراوە و دەرچوونە لەم بازنەی شەڕ و کێشەی یەکێتی و پارتی لەسەر فیدرالیەت و گرتنە دەستی چارەنوسی کوردستانە بەدەست خۆیەوە و لێسەندنەوەیەتی لە دەست ئەحزابی ناسیونالیستی حاکم .ئەمە لەڕێگای گەڕانەوەی شەرعیەت بۆ ڕای ڕاستەوخۆی خەڵکی کوردستان و سپاردنی بڕیاری چارەنوسی کوردستان بەدەستی خەڵك خۆی دابین دەکرێ .واتە لە ڕێگای رفراندۆمەوە نەك ڕیکەوتنەکانی یەکێتی وپارتی بەناوی خەڵکی کوردستانەوە .

رفراندۆم :ئێوە سەبارەت بەو حەرەکەتەی بەناوی ″رفراندۆم ″ەوە تازە پەیدا بوون چی دەڵێن؟

ئاسۆ کمال :ئەم حەرەکەتە تێکەوڵاوێکە لە کەسان ولایەن کە بەناوی ″ رفراندۆم ″ەوە کار دەکەن .سەرەتا ئەوەبڵێم لە 1995ەوە کە منصور حکمت و حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەجدی کاریان دەکرد بۆ بەرپاکردنی رفراندۆمیکی ئازادانە بەسەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتوەکان بەشێك لەم لایەنانە و لەنێویاندا ی .ن .ك دژایەتی رفراندۆمیان دەکرد ومەحکەمەیان دەکردین . یەکێتی و پارتی کە لە 12 ساڵی ڕابردوودا دژایەتی خواستی رفراندۆم و مافی جیابونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیان دەکرد لەم دەورەیەدا بەناوی ″ رفراندۆم ″ەوە کەمپینیان بۆ فیدرالیزمی قەومی بەڕێخست و بە چەواشەکردنی مافی بەرپاکردنی رفراندۆم دەیانەوێت ئەم خەڵکە بکەنە زەخیرە و وەسیلەی شەڕ و فشاری دەستیان لە پێناو سەپاندنی فیدرالیزمی قەومی و تەقسیمی دەسەڵاتدا لەبەرامبەر ڕەقیبە ئیسلامی و قەومیەکانیاندا لەعێراق .بەڵام هەر رفراندۆمێك لەسەر ئەم فیدرالیزمەی یەکێتی وپارتی بکرێت بەهیچ شێوەیەك پیادەکردنی مافی چارەنوس و گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسیان نی‌یە .ئەمە تەنها مۆرکردنی حصەی یەکیتی وپارتی‌یە لەدەسەلاتدا لەبەرامبەر حکومەتی مەرکەزیدا و تەنها پەنجە ودەنگی خەڵکیان دەوێت ،وەکو پەرلەمانەکەی1992 ، بۆ شەرعیەتپێدان بەم حصەیەی خۆیان و هیچ چارەسەرێکی مەسەلەی کورد ونەهێشتنی جیاوازی قەومی ناکات بەڵکو ڕەسمیەتی زیاتری پێدەدات .ئەم ڕاستیە دەبینین کە دوای ئیمزاکردنی دەستوری کاتی و سەپاندنی حصەی خۆیان ئەو گەرموگوڕیەیان بەرامبەر بەرفراندۆم نەماوە و هەڵیان گرتوە بۆ کاتێکی تر کە پێویستیان بەفشار هێنان بوو بۆ سەر ئەحزابی سیلامی وقەومی لە عێراقدا بۆ دەستوری هەمیشەیی یان لە توندبونەوەی ڕوبەڕوبونەوەکانیان .هەربۆیە لەواقعدا ئەم حەرەکەتەی یەکێتی وپارتی بەناوی″ رفراندۆم″ەوە پەیوەندی بە رفراندۆم و مافی بڕیاردانی خەڵکی کوردستان لەسەر چارەنوسیان نی‌یە و ئەوان بەهیچ شێوەیەك ئەم رفراندۆمەیان بۆ گەڕانەوەی بڕیار بۆ دەستی خەڵك ناوێت .نمونەی بەرچاو خودی ئەو دەستورە کاتیەیە کە بەبێ پرس و ڕا و رفراندۆم لە کوردستاندا ئەوان بڕیار وڕێکەوتنیان لەسەر

← ل٨

## گفتوگۆی سەرنوسەری

چارەنوسی کوردستان کردوە و کوردستانیان داوەتە دەست دەستوری ئیسلامی لەبەرامبەر ئەوەی ئیمتیازێك بە یەکێتی وپارتی دراوە کە دەسەڵاتیان لە کوردستاندا بمێنێتەوە .

هەڵبەت کەسانێك هەن کە بۆ خواستی ڕەوای رفراندۆم دەیانەوێت کار بکەن و کەوتونەتە دوای ئەو حەرەکەتە بەڵام سوکانی ئەم حەرەکەتە بەپێی نیاز و ئارەزوی ئەحزابی حاکم دەجوڵێت نەك ئەم کەسە بێلایەنانە. ئێمە بانگەوازی خەڵکی کوردستان دەکەین کە لەدژی ئەم سیاسەتی فریوکاریانەی یەکێتی وپارتی بوەستن و پێیان ڕابگەیەنن کە ئەوان دەستی ئەحزابی ناسیونالیستیان خوێندۆتەوە کە پێشتر دژی حەرەکەتی رفراندۆم بوون و ئێستا سوێند بەسەر رفراندۆمێك دەخۆن کە دەیانەوێت پرۆژەی فیدرالیزمی قەومی پێبسەپێنن . دەبێت ئەم چەواشەکاریەی سەبارەت بە رفراندۆم پەردەی لەسەر لابدرێت و ووشیارانە لەلایەن خەڵکی ئازادیخواز و ڕۆشنبیری کوردستانەوە پوچەڵ بکرێتەوە . لەبەرامبەردا هەموو ئەم هەوڵانەی لەپێناو رفراندۆمدا دەدرێت بەدروست بخرێتە خزمەت خەڵکی کوردستان خۆیانەوە بۆ بەرەسمی ناسین وپابەندبوون بە مافی بەرپاکردنی رفراندۆم و ڕیزی سەربەخۆی خۆمان جیابکەینەوە .نابێت ڕێگا بدرێت لەژێر ناوی رفراندۆمدا ئەحزابی ناسیونالیستی کورد خەڵکی لەدەوری کەمپینی فیدرالیزمی قەومی فریو بدەن و چەواشەیان بکەن .

رفراندۆم : لەکۆتاییدا چ پەیامێکتان هەیە بۆ خەڵکی کوردستان بەبۆنەی دەورەی دووەمی گۆڤاری رفراندۆمەوە؟

ئاسۆ کمال : پەیامی رفراندۆم سەبارەت بە چارەنوسی خەڵکی کوردستان بۆخەڵکی ئازادیخوازی کوردستان ئەمەیە کەوەزعیەتی سیاسی کوردستان ئێستا لەبەردەم دەورانێکی حەساسی خۆی دایە و ئایندەی کوردستان ڕوبەڕوی کێشەو پرسیاری چارەنوس سازبۆتەوە . حەرەکەتی رفراندۆم کە لە دەورانی پێش ڕوخانی بەعسەوە چالاکانەکاری کردوە بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی کوردستان لەدەست ستەمی قەومی و لە پێناو گەڕانەوەی بڕیار بۆ خەڵکی کوردستان سەبارەت بەچارەنوسی سیاسی خۆیان کەمپەینی رفراندۆمی بەرپاکردوە ، ئێستاش لەم دەورە حەساس وچارەنوس سازەدا حەرەکەتی رفراندۆم ئامادەیی و لەمەیداندا بوونی خۆی ڕادەگەیەنێت بۆ ڕێنوێنی کردنی خەڵکی کوردستان بەرەو ڕێگاچارەیەك کە لەمەترسیەکانی بەردەمیان بیانپارێزێت و ئایندەیکی ئینسانیان بۆ دەستەبەر بکات .

خەڵکی کوردستان بەڕوخانی ڕژێمی فاشستی بەعس بەڵای ستەمی نەتەوایەتیان لەسەر لاچوو و ئێستا فرسەتی ئەوە پەیدابووە کە بەیەکجاری کێشەی کورد چارەسەر ببێت و جیاوازی قەومی لەعێراقدا ریشەکێش بکرێت و ڕێگا لە گەڕانەوەی یەکجاری کێشەی قەومی لەعێراقدا بگیرێت. دەرفەتێك لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا کراوەتەوە کەچیتر وەك هاوڵاتی پلە دوو لەعێراقدا بەچاوی کەمتر سەیر نەکرێت ومامەڵە نەکرێت وە بتوانێ دەری خۆی وەکو باقی هاوڵاتیانی تری عێراق لە ئیدارە ودیاریکردنی چارەنوسی سیاسی و ئایندەی عێراق و کوردستاندا بگیرێت .

حەرەکەتی رفراندۆم بۆ کوردستان لەم پێناوەدا بانگەوازی سەرجەم خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسی و جەماوەریەکانی کوردستان و کوردەکانی دەرەوەی وڵات دەکات بۆ ڕێکخستنی ڕیزی سەربەخۆی خۆیان و بۆ هێنانە مەیدانی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی کوردستان لە رفراندۆمێکی ئازادانەدا . لە م پێناوەدا لە ئاستی عێراق و کوردستاندا ولە دەرەوە و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا خەباتی خۆی بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی خەڵکی ئازادیخواز و ڕێکخراوە و هێزە ئازادیخواز و ئینسان دۆستەکان درێژە پێدەدات .ئەم حەرەکەتە لەڕێگای ئۆرگانی جەماوەری یەوە ئەم هەوڵانە ڕێك دەخا و بانگەوازی خەڵکی ئازادیخواز ،ڕۆشنبیران و ڕێکخراوە وئەحزابی پارێزەری رفراندۆم بۆ خەڵکی کوردستان دەکات بۆ پەیوەست بوون بەم ڕیزە سەربەخۆیەوە و پێکەوە کارکردن بۆ سەرخستنی ئەم حەرەکەتە ڕەوا و ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان .

**بە هاتنە سەر کاری دەولەتیکی قەومی یا دینی لە عیراق دا ، پیویستە**
**رفراندۆمیکی ئازاد بۆ جیا بوونەوەی کوردستان دەست بەجێ بەرپا بکرێ**

## خەڵکی کوردستانی عێراق لە بەرامبەر

راگرتنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر دوو ناوچەی ژێر دەسەڵاتیندا، کە دەزانن روو لە کۆتایی هاتنە .

### ئێستا چی؟ خەڵکی کوردستانی عێراق دەبێ چ بکەن؟

رووخانی سەددام و رژیمی بەعس بوو بە هۆی ئاڵووگۆرێکی تازە لە کوردستانی عێراق دا، کوردستانی عیراقی تێکەڵاوی سنوورو ئابووری عیراق کردەوە،" ناوچەی ئەمن "نەما، ستەمی نەتەوایەتی لە هەموو کوردستانی عێرقدا کۆتایی هات بە چەشنێك کە ئێستا کەس بە بۆنەی کورد بوونەوە ستەمی نەتەوایەتی لێ ناچێ .خەڵکی کوردستانی عیراق نەتەنیا ستەمی نەتەوایەتیان لێ ناچێ، بەڵکوو وەزعیان لە باقی دانیشتوانی عیراقیش یەکجار باشترە . بەڵام هیچکام لەمانە لەو راستی یە کەم ناکەنەوە کە نە داهاتووی خەڵکی کوردستانی عێراق دیارە و نە داهاتووی باقی دانیشتوانی عێراق .هەروەك پێش بینیمان دەکرد، هاتنی هێزەکانی ئەمریکا و رووخانی سەددام و دەوڵەتی بەعس و داگیرکردنی عێراق لە لایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە، عێراقی بردە ناو داهاتوویەکی رەش و نادیارەوە .ئێستا نەك هەر داهاتووی دانیشتوانی کوردستانی عێراق، بەڵکوو داهاتوووی هەموو دانیشتوانی عێراق نارروونە . شەری ناوخۆیی و هاتنە سەرکاری جرو جانەوەری ئیسلامی و قەومی یەکێك لە ئیحتیمالاتە .کومەڵانی خەڵك لە عێراق بە عەرەب و کورد و تورکومان و باقی دانیشتوانیەوە بێ دەسەڵاتن، لە بارودۆخێکی دژواردا گیریان کردوە، جانەورانی ئیسلامی و کۆنە بەعسی یەکان و قەوم پەرستانی جۆراوجۆر لە

کەمین دان تا داهاتووی ئەم خەڵکە بە ئارەزووی خۆیان دیاری کەن . ئەمنیەت نیە، نان نیە، ئازادی نیە، دانیشتوانی ناوچە عەرەب نشیەنەکان خۆشیان لە چاری ئیسلام نایە، بەڵام بۆ دابین کردنی بژیوی رۆژانە و پاراستنی خۆیان مەجبوور دەبن پەنا بەرنە بەر جانەوەرانی ئیسلامی وەك سیستانی و حەکیم و باقر سەدرەوە . داهاتووی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی نادیارە، مەعلووم نیە ئەوزاعەکە بەرەو کوێ دەچێ؟ دەولەتی داهاتوو لە عێراق چ دەبێ و لە کێ پێك دێ؟ ئەمە پرسیاری سەر زاری هەموو دانیشتوانی عێراقە، خەڵکی کوردستانی عیراقیش بەش بەحاڵی خۆیان حەقیانە نیگران بن، حەقیانە ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن کە چ تەزمینێك هەیە کە دەوڵەتی داهاتووی عێراق لە قازانجی ئەوان بێ؟ یان چ تەزمینێك هەیە کە دەوڵەتێکی قەومی یان ئیسلامی نەیەتە سەرکار و دیسان رووداوەکانی تاڵی پێشوو دووپات نەبنەوە؟ یەکیەتی و پارتی خۆیان لەم پرسیارە گرینگانە لاداوە، خەڵکی کوردستانی عێراقیان بە" عێراقی دیموکراتیك و فیدراڵ "سەرگەرم کردەوە .دەڵێن فیدرالیزم بەو هیوایەی بە سات و سەودا لەسەرەوە دەوڵەتی ئامریکا و لە واقیع دا سیستانی بە دەسەڵاتی ئێستایان بەسەر دوو ناوچەی ژێر دەسەڵاتیاندا رازی کەن و قەبالەکەیان بۆ ماوەیەك پێ مۆرکەن .بەڵام ئەوە لە عالەمی واقیع دا ناگونجێ .ئەوە کە دوو بەشی ژێر دەسەڵاتیان هەبێ، دو "دەوڵەت و پارلەمانی "جیاوازی خۆیانیان هەبێ، هێزی پێشمەرگەی خۆیانایان هەبێ، لەگەڵ هەوڵ و تەقەلایان بۆ بردنەوەی عێراق بۆ ناوباوەشی" وەتەنی عەرەبی " نایەتەوە و لێیان قەبوول ناکەن .

پێیان دەڵێن و پێشیان کوتوون ئەو فیدرالیزمەیان لێ قەبووڵ ناکەن، یان دەبێ جیابنەوە، یان کە دەمێننەوە دەبێ هەرچۆنێك دەوڵەتی داهاتوو قەراری دا قەبووڵی کەن . جەماعەتێکیش بە بێ ئەوەی بیری لێ بکەنەوە کەوتوونەتە دویان و شیعاری فیدرالیزم دووپات دەکەنەوە . تەنانەت، پشتیوانی یەکیەتی و پارتی لە هەوڵ و تەقەلای کەسانێك کە ئیستا بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانی عێراق هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەنیە کە ئەو هەوڵ تەقەلایە بە نەتیجە بگا، بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە بیکەن بە فشار لەسەر دەوڵەتی ئەمریکا و سیستانی، بۆ ئەوەی بە دەسەڵاتی ئێستایان بەسەر بەشەکانیاندا، رزایەت بدەن .

خەڵکی ئازادیخوازو عیلمانی عێراق ئەگەر دەیانەوێ تەجروبەی تاڵی پێشوو دوپات نەبێتەوە نابێ بکەونە ئەو داووەوە کە یەکیەتی و پارتی بۆیان ناونەتەوە .دەبێ و دەکرێ خۆیان دەست بەکار بن .کوردستانی عێراق ئێستا وەزعی لە باقی شوینە کانی تر باش ترە، هەرچۆنێك بێ قەوارەی مەدنی خۆی پاراستوە و ژیان نەزم و نەسەقێکی هەیە .بەم بۆنەوە خەڵکی ئازادیخواز و عیلمانی کوردستانی عێراق ئەرکێکی مێژووی و دوو لایەنەیان دەکەوێتە ئەستۆ .لە لایەك دەبێ بۆ دارشتنی پلاتفورمێکی سەراسەری لە عێراقدا تێبکۆشن، ببنە هێزێکی گەورەی تێکۆشان بۆ پێك هێنانی فەزایەکی ئازاد، ببنە هێزێکی گەورەی تێکۆشان بۆ پێك هێنانی دەوڵەتێکی علیمانی و غەیرە قەومی لە سەراسەری عێراق دا، لە لایەکی ترەوە هاوکات لەگەڵ هەوڵ و تێکۆشانیان بۆ پێك هێنانی دەوڵەتێکی عیلمانی و غەیرە قەومی لە عێراقدا، پێویستە لە کوردستانی

عێراق ئەم دەسەڵاتەی ئێستا کە قەوارەی گرتوە بیکەن بە دەوڵەتێکی عیلمانی و غەیرە قەومی، تەنانەت ئەگەر بەزۆری خۆیان سەپاندوویانە بە سەر پارتی و یەکیەتی دا .ئەگەر ئاڵترناتیڤی عیلمانی و غەیرە قەومی لە عێراقدا بێتە سەرکار بێگوومان وەزعی نادیاری ئێستای خەڵکی کوردستانی عێراق و هەموو دانیشتوانی عێراق روشن دەکاتەوە .خەڵکی کوردستانی عێراق دەکرێ و دەبێ و دەتوانن ئەو هێزە بن کە تەئسیر بکەنە سەرباقی شوێنەکانی تر لە عێراق بۆ پێك هێنانی دەوڵەتێکی عیلمانی و غەیرە قەومی لە عێراق کە لە پەنای دا کورد و عەرەب و تورکومان و باقی دانیشتوانی تر بە بێ هیچ چەشنە هەڵاواردنێکی قەومی، دینی، ژن یا پیاوبوون و رەنگ و شتی واوە بەیەکەوە بژیین .ئەم دوو ئەرکە، ئەو پلاتفورمەیە، کە دەتوانێ خەڵکی ئازادیخوازو علیمانی کوردستانی عێراق بە دەوری خۆیدا کۆکاتەوە .حیزبی کومونیستی کریکاری عێراق ئەو هێزەیە، لە پێشەوەی ئەم هەوڵوو تێکۆشانەدایە، پێویستە خەڵکی ئازادیخواز و علمانی لە کوردستانی عێراق بە دەوری ئەم ئالایەدا کۆبنەوە .لە لایەك بۆ پێك هێنانی دەوڵەتێکی عیلمانی و غەیرە قەومی لە هەموو عێراق دا دەنگ هەڵبڕن، لەلایەکی ترەوە خۆیان ئیدارەی کۆمەڵگای کوردستانی عێراق بگرنە دەست .دەسەڵات و حوکم لە کوردستانی عێراق علیمانی و غەیرە قەومی راگەیینن، دەسەڵاتێکی راستەو خۆ هەتا تەکلیفی دەولەتی مەرکەزی لە عێراقدا روون دەبێتەوە .ئەگەر هاتوو وەزعە کە ئارام بووەوەو دەوڵەتێکی عیلمانی و غەیرە قەومی لە عێراقی دا پێك هات ئەوددەم خۆیان تەسمیم دەگرن لەگەڵی بکەونەوە

ل١٠

## خەڵکی کوردستانی عێراق لە بەرامبەر ...

یان نا؟ ئەگەریش هاتوو وەزعەکە لەوە کە ئیستا هەیە ئاڵۆزتر بوو، یان سەرەنجام دەولەتێکی ئیسلامی یان قەومی لە عێراق دا هاتە سەرکار، ئەوکات دەتوانن بەتەواوی خۆتان جیاکەنەوە .بۆ ئەمەش بەلگەتان یەکجار زۆر بە دەستەوە دەبێ، بۆ پێك هێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە هەموو عێراقدا هەوڵتان داوە، لە هەمان کاتدا لە کوردستانی عێراق عەینی شت دەوڵەتێکی عیلمانی و غەیرە قەومیتان بۆ هەموو دانیشتوانی کوردستانی عێراق دابین کردوە، بەم کارەتان هەم پشتیوانی عەرەب و تورکومانی ناو کوردستانی عێراق و باقی کومەڵانی ئازادیخواز و عیلمانی عێراقتان بە دەست هێناوە، هەم پشتیوانی باقی کومەڵانی خەڵك لە ناوچەکە و لە وڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکا و تەنانەت پشتیوانی هەندێك لە دەوڵەتانی ناو نەتەویگگرتووەکانیشتان بەرەو خۆتان راکیشاوە .

بەگشتی، خەڵکی ئازادیخوازو عیلمانی کوردستانی عێراق پێویستە یەك دەنگ بە دەوری ئەم پلاتفورمە یەکگرتوونەیەدا کۆبنەوە، لەلایەك هێزی خۆیان بخەنە گەر بۆ پێك هێنانی دەوڵەتێکی عیلمانی و غەیرە قەومی لە عێراق لە هەمان کاتدا هەتا رۆشن بووەنەوەی تەکلیفی دەوڵەتی مەرکەزی قەوارەی ئیستای دەسەلات لە کوردستانی عێراق بکەن بە دەسەڵاتێکی راستەوخۆی عیلمانی و غەریرە قەومی بۆ هەموو دانیشتوانی کوردستانی عێراق بە کورد و عەرەب و تورکومانەوە .لەو سورەتەدا کەرکووك هێمن دەبێتەوە، هەرکەس چ کورد چ عەرەب زمان پێی خۆش بوو دەگەرێتەوە یان دەمێنێتەوە، هەموو دانیشتوانی کوردستانی عێراق بە کورد و عەرەب و تورك زمانەوە لە جیاتی بکەونە داوی شەرێکی قەومی کە خەریکن لە سەراسەری عێراقدا بۆیان ساز دەدەن، دەست لە ناو دەستی یەك بۆ سازدانی ژیانێکی ئینسانی پێکەوە، تێدەکۆشن .ئەگەر یەکیەتی و پارتی لەگەڵ ئەم رەوتە کەوتن، لە سەراسەری کوردستانی عێراق هەڵبژاردن بۆ دارشتنی قەوارەی دەوڵەتێکی عیلمانی و غەیرە قەومی دەست پێ دەکا، ئەگەریش لەگەڵ نەکەوتن، لە ناو خەڵکی ئازادیخواز و عیلمانی کوردستانی عێراقدا تەریك دەکەونەوە .خەڵکی کوردستانی عێراق مەسیری خۆیان بۆ پێك هێنانی دەوڵەتێکی عیلمانی و غەیرە قەومی بۆ عێراق دەبرن، هاوکات لەگەڵ ئەوەش قەوارەی ئیستای دەسەلات لە کوردستانی عێراق عیلمانی و غەیرە قەومی رادەگەێنن، بۆ هەموو دانیشتوانی کوردستانی عێراق، بە کورد و عەرەب و تورك زمانەوە . بێگوومان ئەمە کاردەکاتە سەر هەموو عێراق و جێ پێی سیستانی و حەکیم و کۆنە بەعسی یەکان و قەوم پەرستانی جۆواجور لێژ دەکا و رێگا بۆ هەڵخراندنی حەرەکەی عیلمانی و جیاکردنەوەی قەومیەت و مەزهەب لە دەوڵەت لە هەموو عێراقدا خۆش دەکا .

ئاشکرایە ئەمە یەکەم ئاڵترناتیڤی کومونیزمی کاریگەری بۆ کۆمەڵگای عێراق نیە، ئاڵترناتیڤی کومونیزمی کاریگەری بۆ عێراق شورشی کریکاری و پێك هێنانی کۆمارێکی سوسیالیستی یە، بەلام بۆ شەرایەتی ئیستا و بۆ هاتنە دەر لەم سناریۆ رەشە کە دەوڵەتی ئەمریکا و سیستانی و حەکیم و پاشماوەی بەعس و باقی کۆنە پەرستان و قەوم پرستان خستویانەتە بەر پێی دانیشتوانی عێراق و کوردستانی عێراق، رێگایەکی راستەوخۆیە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی عیلمانی و غەیرە قەومی لە عێراق و لەهەمان کات دا دیاری کردنی داهاتووی سیاسی کوردستانی عێراق هەتا رۆشن بوونەوەی دەوڵەتی مەرکەزی لە عێراق دا .

خەڵکی عیلمانی و ئازادیخوازی کوردستانی عێراق بیانەوێ و نەیانەوێ ئەم ئەرکە دوو لەیەنەیان کەوتۆتە ئەستۆ، ئەمە رێگایەکە کە دەرکەیەك دەکاتەوە بەرە و چارەنووسێکی مەدەنی و دوور لە قەومیەت و دەمارگرژی قەومی کورد و عەرەب و تورکەمەن و شیعە و سونی کە ئیستا هەڵیان خراندوە .نموونەیەك دەبێ بۆ ژیانی هاوبەش لەگەڵ یەکتر لە هەموو عێراقدا، رێگا دەکاتەوە بۆ هاتنە مەیدانی باقی دانیشتوانی ئازادیخواز و عیلمانی لە عێراق لە دژی قەوم پرستان و مۆتەکەی ئیسلامی سیاسی کە ئیستا سێبەری رەشی بەسەر بەشێکی زۆر لە عێرقدا را کێشاوە .کوردستانی عێراق ژیانێکی ئاسایی تێ دایە، وەك باقی شوێنەکانی تری عێراق نیە، ئەمە رێگادەدا کە هەموو دانیشتوانی کوردستانی عێراق پاڵ بە پاڵی یەکەوە بۆ دەسەلات و ژیانێکی هاوبەش لە گەڵ هەموو دانیشتوانی عێراق بێنەمەیدان لە هەمان کاتدا تا رۆشن بوونەوەی دەوڵەت لە عێراق قەوارەی ئیستای دەسەلات لە کوردستانی عێراق دەسەلاتێکی راستەوخۆی عیلمانی و غەیرە دینی راگەیەنن بۆ هەموو دانیشتوانی کوردستانی عێراق .بانگەوازی ئێمە ئەوەیە کە خەڵکی ئازادیخواز و عیلمانی لە کوردستانی عێراق بۆ بە سەرەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکە تاریخی یە بێنە مەیدان و لە ژێر ئاڵای کومونیزمی کاریگەری و حیزبی کومونیستی کریکاری عێراقدا کۆبنەوە، دەتوانێ لە عێراق و لە کوردستانی عێراق دوور دەوری ئێمەی ئینسانی کومونیست و یەکسانی خواز و ئازادیخواز بێ، ئەگەر بتوانین هەلەکە لە قازانجی خۆمان دا بقۆزینەوە .

2004/02/5

# چارەنوسی سیاسی کوردستان بە فیدرالیزم دیاری ناکریت



# فیدرالیزم ، کیشەیە یا چارەسەر ؟!

عەبدولا سالح

لای هەموان ئاشکرایە خەلکی کوردستان لە رابردو و ئیستادا بەدەست ستەمی نەتەواتیەوە دەنالینن ، ستەمیك کە بەسەریان دا سەپینراوە لەلایەن ئەو دەولەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە . پی بە پێ ئەم ستەمە هەمیشە بەرگری و وەستانەوە بەرویدا هەبووە لە لایەن خەلکی کوردستانەوە ، بەلاّم خالی لاوازی ئەم ئەم بەرگری و وەستانەوەیە هەمیشە ئەو حیزب و هیزە سیاسیە نەتەوەیانە بوون کە رابەری ئەم بزوتنەوە حەقخوازەیان کردووە . لە سەرەتای چەرخی بیستەمەوە سەرۆك عەشیرەت و خیل و پیاوانی ئاینی دەوری بەرچاویان هەبووە لە رابەری ئەم بزوتنەوەیەدا ، دواتر دەوری رۆشنبیرە نەتەوەیەکان هات کە ئەوانیش تەواوکەری هەمان رۆلی رابەرانی پیشوو بوون ، هەر بۆیە سیاسەتەکانیان لە ناوەرۆکدا هەرهەمان سیاسەت بوو لە پشت بەستن بە بیرو رای ئاینی و قەومی شۆفینیەوە ، بەلاّم لە شکلدا جیاواز ئەویش بە لە قالب دانی هەمان بیرو بۆچون لە چوارچیوەی حیزبی سیاسیدا کە ئەو حالەتەش پیویستی گۆرانکاریەکانی سەردەم دەیخواست. ئەو ریگا چارانەی کە حیزبە قەومیە کوردیەکان دەستیان پیوە گرتوە بۆ یەکلاکردنەوەی کیشەی نەتەوایەتی لە عیراق دا خۆی لە گفتوگۆی پشتی پەردە و بە نهینی لەگەل حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق دا نواندوە ، ریگا چارەیەك کە تەنیا بریتی بووە لە دەسەلاتیکی لامەرکەزی بە شیوەی حوکمی زاتی وەیا خود ئەو فیدرالیزمەی ئەمرۆ تە پلی بۆ لیدەدەن .

پرسیاریکی زۆر بەپەلە کە هەر ئەمرۆ ویردی سەر زمانی هەموو ئەوانەیە بەتەنگ رزگاری میللەتانەوەن لە ژیر باری زولم وستەم ئەوەیە :ئایا فیدرالیزم ستەمی نەتەوایەتی بن بر دەکات ؟ ئەوەی کە هەر ئەمرۆ حیزبە قەومیەکان زۆر بەپەلە پیێ لەسەر دادەگرن لەژیر پەردەی فیدرالیزم دا ، دان پیانانی رەسمی دەسەلاّتی مەرکەزیە لە عیراق بە رەوا بوون و حەقانیەتی دەسەلاّتی ئەم دوو حیزبە بەسەر ئەو ناوچانەی کوردستان کە زەمانی حکومەتی بەعس لەژیر چنگیان دا بوو بەبێ دەست تیوەردان } دەبی حکومەتی مەرکەزی بەرەسمی ئیعتراف بکات بە حکومەتی ئیقلیمی کوردستان وباری ) ئەمری واقع ( بگۆری بۆ ) باری ) قانونی . ( ئەو دەسەلاتانەی بەدەست پەرلەمانی کوردستانەوەن دەبێ وەك خۆیان بمیننەوە { ئەوە قسەی نەوشیروان مستەفایە لە نوسینیکیدا لە رۆژنامەی " الشرق الاوسگ " ی لەندەنی ژمارە 9215 رۆژی 20/2/2004، نووسەر هەروەها دریژە بە قسەکانی دەدات و دەلیت } لە کوردستان دا بایەخ دان بەو قانونانەی پەرلەمانی کوردستان دەری کردون و دەریان دەکات لە ریزی پیشەوەی ئەولەویاتەکان دەمیننەوە .{ لیرەدا زۆر بە روونی دەر دەکەویت کە باشترین چوار چیوە بۆ مانەوە و بەردەوامی دەسەلاّتی ئەو دوو حیزبە فیدرالیزمە .

دامەزراندنی حوکمی فیدرالی لە عیراق قودسیەتی قەومی بوون تەجسید دەکات ، هەستی نەتەوایەتی نەتەوەکانی دیکەی دانشتوی عیراق دەوروژینی . نمونەی یەگۆسلافیا باشترین بەلگەیە ، هاولاتی یۆگۆسلافیای کۆن ، جاران هیچ بایەخکی بە نەتەوەی بوونی خۆی نەدەدا تا کاتیك یۆگۆسلافیا دابەش کرا لەسەر بنەمای نەتەوایەتی بۆ سیربی و بۆسنەیی وئەلبانی و ...ئیستاش دەبینین کە چی تێدا روی دا ! وە نەتەوەکانی ئەو ولاتە چی کارەساتیکیان بەسەر هات و تائەمرۆش بەردەوامە.

نمونەی عیراق ، ئەگەر لە مەرکەزدا دەسەلاّتیکی قەومی عەرەبی یاخود دەسەلاّتیکی ئیسلامی هاتە سەر کار ،بێ شك ئەگەر لە یۆگۆسلافیا خراپتر نەبیت چاکتر نابیت ، ئاگری هەلگیرسانی شەری قەمی هەمیشە هەرەشە لە ژیان وگوزەرانی خەلکی دەکات ، شەریك کە تەنیا شەری بەرژەوندی دەسەلاّتدارانە و فری بە قازانج وبەرژەوەندی خەلکی کوردستانەوە نیە .

جیا لەوەش هەتا ئەگەر دەسەلاّتی مەرکەزی لە بەغدا دانی بە فیدرالیزم دانا ، ئەوا ئەو فیدرالیزمە شەرعیەتیکی نابیت تاکو هەموو دانشتوانی عیراق لە راپرسیەکدا دەنگی لەسەر نەدەن ، چونکە ئەو کاتە فیدرالیزم دەبیتە شیوەیەکی حوکم لە عیراق دا وەك ولاتیکی یەکگرتوی فیدرال وە ئەوە تەنیا مافی ئەوانە نیە کە خوازیاری فیدرالیزمن دەنگی پێ بدەن ، لیرەدا کیشەیەکی دیکە قووت دەبیتەوە ئەویش : ئایا زوربەی دانشتوانی عیراق دەنگ بە فیدرالیزم دەدەن ؟

پارتی و یەکیەتی خۆیان تووشی قەیرانیکی قولّ کردووە وە لە هەولدان جەماوەری کوردستانیش کیش کەنە ناوی ، هەر لەسەرەتای داسەپاندنی دەسەلاّتی ئەم دوو حیزبە بەسەر کوردستان دا خەریکی ئامادە کردنی زەین و هۆشی جەماوەر بوون بۆ قانیع کردنیان بە دۆستایەتی ئەمریکا کە گوایە "دلسۆزی کوردە وە سیاسەتەکانی لە ناوچەکەدا بە قازانجی خەلکی کوردستان دەشکینەوە" ،ئەمرۆ ئەم هاوپەیمانە" ستراتیجیە " لە ئاقار خواستی فیدرالیزمیك کە حیزبە قەومیە کوردیەکان داوای دەکەن بێ لایەنە !! ئەگەر لە دەستوری کاتی عیراقیش دا شتیکی ئالۆزو نادیار بەناوی فیدرالیزمەوە هاتبێ ئەوا بێ شك ، مەسعود بارزانی ووتەنی ، زۆر کەمترە لەوەی ئەوان خەویان پیوە دەبینی.

میژووی دەولەتی ئەمریکا سەلماندویەتی کە تەنیا ئەو بەدوای بەرژەوندیەکانی خۆوەیەتی و لە هەرکوی پیویستی کرد بەرژەوندی هاوپەیمانانی دەبنە پلە دوو یا سێ وەیا هەر پشت گوێ دەخرین ، خۆ ئەوان هاوپەیمانی گروپە ئیسلامیەکان بوون لە کاتی داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن سۆڤیەتی کۆنەوە . یا خود ئەوەتا شارۆنی درندەیان بەرداوەتە گیانی هەزاران ژن و پیاو ومندالی فەلەستینی و لەگەل دەلەتە عەرەبیەکانیش دا هاوپەیمانن ، ئەوەتا وەزیری دەرەوەی بریتانیا جاك سترۆ دەلی : ئەگەر سەدام وەك قەزافی کردبا ئیستا خۆی

ل١٢ ←

## فیدرالیزم ، کیشەیە یا چارەسەر

و کورەکانی لەسەر حوکم مابوون !

واتە دژایەتی ئەوان بەسەدام لەبەر چاوی جوانی خەلکی عیراق و کوردستان نەبوو ، بەلکو لەبەر ئەوەی سەدام بەرژەوەندیەکانی ئەوانی لە ناوچەکە ریعایەت نەکرد.

جیا لەوەش ئەحزابی کوردی دەسەلاتدار ئۆمیدیکی زۆریان بە ئۆپوزسیونی عیراقی جاران و مەجلیسی حوکمی ئیستا هەبوو، ئیستا دەردەکەوی کە ئەم هاوپەیمانانەیان چۆن پشتیان تێ کردوون و لە قەولەکانی خۆیان پاشگەز بوونەوە !

بێ لایەنی ئەمریکاو وپاشگەزبوونەوەی دۆستە دیرینەکان مەودای ئەم قەیرانە دەردەخات ، هەر بۆیە بە ناچاری گەراونەتەوە لای جەماوەری کوردستان و دەستیان داوەتە کەمپینیکی ئیمزا کۆ کردنەوە بە ناوی کەمپینی ریفراندۆم تا لەو ریگایەوە جەماوەری کوردستان بە هانایانەوە بین و دەسەلاتەکەیان رزگار بکەن ، ئەم کەمپینەی ئەمرۆ هەندیك رۆشنبیری قەومی دەستیان داوەتی شتیکی تر جگە لەوە نیە.

جەماوەری کوردستان هیچ ریگایەکیان لەبەردەم نیە تەنیا خۆ دوور خستنەوە نەبیت لە ئاسۆی حیزبە قەومیە کوردەکان و خەبات لە پیناو چارەسەرکردن و بنبرکردنی هەتا هەتایەی ستەم و زولمی نەتەوایەتی . ئەم ریگا چارەیە ئەمرۆ لە عیراق دا خۆی لە خەباتیك دا دەبینیتەوە کە زامنی هینانە سەر کاری دەولەتیکی سکویلاری غەیرە قەومی و غەیرە دینی بیت ، کە لە سایەیدا هەموو هاولاتیان بەبی جیاوازی لەسەر بنەمای نەتەوە ، ئایین وە یا رەگەز ما ف و ئەرکی یەکسانیان هەبیت لە هەموو بوارەکانی ژیان دا ، ئەمەش لە دەستوریکی هەمیشەیی دا زامن کرابیت . بە پیچەوانە لە کاتی هاتنە سەرکاری دەولەتیکی قەومی عەرەبی ، یا خود دەولەتیکی ئیسلامی لە عیراق دا ، ئەوە باشترین ریگا چارە بەرپا کردنی رفراندۆمیکی ئازادە بۆ مانەوە یا جیابوونەوەی کوردستان لە عیراق وپیك هینانی دەولەتیکی سەربەخۆ ، دەولەتیکی سکویلار ، دامەزراو لەسەر ویست و ئیرادەی جەماوەر ، وە هەر ئەو بنەمایەش دەبیتە زامن کردنی پایەداری و بەردەوامی ئەو دەولەتە لە لایەك ، و لە لایەکی دیکەشەوە هیچ بەهانەیەك نادا بەدەست حکومەتە شوفینستەکانی دراوسێ و ناوچەکە کە لە سەر بنەمای قەومی بوونی ئەو دەولەتە دوژمنایەتی بکەن ، وە لە سەروی هەموو ئەوانەشەوە دەبیتە دەولەتیك بۆ هەموو دانشتوانی کوردستان بەبی جیاوازی زمان و ئایین ورەگەز ، هەر ئەو کاتەش دانشتوانی کوردستان وەك بیلبیلەی چاویان دەیپاریزن .

## پاشماوەی چاوپیکەوتن لەگەل سامان

بەمانای گشتی ووشەکە واتە ئەوانەی کە لایەن حکومەتەوە خانوەکانیان زەوتکراوە و لە موزایدەدا فرۆشراوە، یان بەگشتی ئەوانەی خانوەکانیان کەسانی تری تیدا نیشتەجێبوە، بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ واتە لە یەکێکی تری کریوەتەوە، ئەمەش کێشەیەکی ترە، کە زیاتر لە پینج هەزار کێشەی لەم جۆرە هەیە، کە چاوەروانی وەلامن لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە کە لە پاریزگاری کەرکوك بۆیان دانراوەو تا ئیستا هیچیان بۆ نەکردون.

بەشێك لەم ئاوارانە چونەتە نیو بینای حکومیەوە، بۆنمونە لە حسابات یان لەساحەی تەیران یان مەلعەبی ئۆلەمپی...

ئەو هیرشەی ئیوە باسی دەکەن ئەوە چونەتە سەر ئاوارەکانی ساحەی تەیران، بەلام بەگشتی لە کەرکوك کەم گەرەك هەیە ئاوارەی تیدا نەبیت. ئاوارەکانی کەرکوك بونەتە قوربانی سیاسەتی پاوکتاوکردنی قەومی بەعس و کیبەرکی هیزە قەومیەکان لەسەر شوناسنامەی کەرکوك.

ئیمە لە ماوەی ئەم مانگەدا لەشاری کەرکوك، دەستمان کرد بە هەلسورانیکی فراوان بەنیو تەواوی کەمپەکانی ئاوارەکاندا، بۆ ئەوەی لەنزیکەوە بە سیاسەتەکانی حزبیان ئاشنا بکەین و لەهەمانکاتدا ئەوەندەی ئیمکانتمان هەبیت، کۆمەکێکیان پی بکەین، هەولبدەین ریکخراویان بکەین بەدەوری سیاسەتەکانی حزبدا و لەپیناو دابینکردنی خواستەکانیاندا. سیاسەتی ئیمە لەم بارەوە رۆشنە، ئیمە بەرۆشنی دەلێین هەرکەسیك کە لە شوین و جیگای خۆی هەلکەنراوە لەسایەی سیاسەتی پاوکتاوکردنی قەومیدا، کە ئەمەیان مەسەلەیەکی تایبەتە، وە یان هەرکەسیك بەهەربیانویەکەوە خانوەکەی لی زەوتکراوە یان لەکەرکوك دەرکراوە، پیویستە بگەریتەوە شوینی خۆی، لەهەمانکاتدا لەلایەن دەولەتەوە تەعویزیان پێ بدریت و بەرۆشنی ئەم خواستەمان لە وەسیقەی کەرکوکیشدا بەیان کردوە. ئیمە پیمان وایە کە زەوی و ئاوو هەوا لەکەرکوکدا کەم نیە تاکو بەشی ئەوانە نەکات کە دەگەرینەوە یان تەنانەت پێیان باشە لە وێ بژین.

ئەوانەی ئاوارەکراون ئەوە پێویستە بگەرینەوە سەرمال و جیگای خۆیان، وە ئەوانەی کە تا ئیستاش خانوی و جیگایان وەرنەگرتۆتەوە بەهۆی کێشەی جۆراوجۆرەوە، وەك ئەوەی خانوەکەیان چەند دەستیکی کردوەو فرۆشراوە، ئەوەیان پیویستە ریگای قانونی بگیریتە بەر و لیژنەو داداگاییەکی تایبەتی بۆ دابنریت بەخاتری ئەوەی زوو وەلام وەربگرنەوە, لەهەمانکاتدا تەعویز بدریت بەهەموو ئاوارەکان. خالێکی تر ئەوەیە، دەولەت لەسەریەتی وە بەتایەبت ئیستا هیزەکانی ئەمەریکاو ئیدارەی ئەمەریکی راستەوخۆ بەرپرسن لە دابینکردنی خانوی گونجاو بۆ هەموو ئەوئاوارانەی کە جیگایان نیە، یان لە ژیر خیمەدا دەژین یان لە شوینە حوکومیەکاندا کە بونەتە کەلاوە ژیان بەسەر دەبەن. بەلام مەجلیسی حوکم و پۆلیس دەلی لە عیراقدا کۆسپ نیە، جگە لە دەرکردنی ئاوارەکان، لە بصرە ئاوارە دەردەکەن لە بەغدا بەهەمان شیوەو ئەوەبوو حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق دەخالەتی کرد، لەکەرکوك بەهەمان شیوەو ئیمە دەخالەتی جدی تیدا دەکەین، لە دیالەو ناصریەو... بەهەمان شیوە، مەجلیسی حوکم و پۆلیس دەیانەوی بەم هیرشانە هیزی خۆیان بنوینن، کەسیان نەدۆزیوەتەوە ئاوارەکان نەبیت، واتە ئەو خیزانانەی کە نزمترین ئاستی ژیان و گوزەرانیان هەیە, ئەوە هەمیشە کارو کردەوەی ئەو هیزانەیە کە زەبونن.

٣٠ / ٣ / ٢٠٠٤



# هەلومەرجی کەرکوك و کێشەی شوناسنامەی ئەم شارە ، چاوپیکەوتن لەگەل سامان کەریم لیپرسروای حزبی کۆمۆنیستی کریکاری لە کەرکوك

***ریفراندۆم: هەلومەرجی هەنوکەیی شاری کەرکوك چۆن دەبینن، دوای روخاندنی رژێیمی بەعس ؟!***

سامان کەریم: هەلومەرجی گشتی شاری کەرکوك وەکو باقی شارەکانی تری عێراق( جگە لەکوردستان ) لە هەلومەرجێکی نائەمن‌و نا ئارامیدایە، فەوزاو فەسادی ئیداری، نەبونی قانون بەمانا باوەکەی، دەسەلاتی میلیشایی‌و نەبونی خزمەتگوزارییە گشتیەکان، لە ئاوو کارەبا و هیلەکانی تەلەفۆن، کەمی خەستەخانەو قوتابخانەکان، بێکارییەکی فراوان‌و تەقینەوەو تیرۆر... دەتوانین بلێین ئەم هەلومەرجە هەلومەرجی شارەکانی بەغداو موصل‌و بصرەو رمادی‌ودیالەشە. بەلام بۆ کەرکوك ئەمە لایەنێکی مەسەلەکەیەو تەنانەت هەندی لەو کۆسپ‌و گرفتە هاوبەشانەی کە لەم شارەدا هەیە لەگەل باقی شارەکانی تری عێراقدا، راستەوخۆ تاییە تمەندی ئەم شارە سایەی بەسەردا کێشاوە، کە لەشارەکانی تری عێراقی جیا دەکاتەوەو تەنانەت چارەسەری کێشەکانیش لەم شارەدا زۆربەی هەرە زۆری بەستراوەتەوە بە چارەسەری کێشەی ئەصلی کەرکوکەوە کە تاییە تمەندیەکەی پیکدەهێنێت. ئەویش بونی کێشەیەکی گەورەیە لەسەر شوناسنامەی ئەم شارە لەلایەن حزب‌و هێزە نەتەوەیی‌و ئیسلامیەکانەوە.

بونی ئەم کێشەیە مێژوییەکی کۆنی نیەو دەتوانین بلێیین لە سالی ١٩٥٨وە کاتیك بۆ یەکەمجار قەوم‌و قەومیەت‌و دابەشکردنی شوناسنامەی قەومی بەسەر هاوولاتیانی عێراقدا بو بە چەمکێکی ئەصلی بزوتنەوە هێزە سیاسیەکان‌و کەوتە نێو دەستور یاساوە. بەلام حکومەتی بەعس بەوێنەی حکومەتێکی عەرەبی شوقێنست تەفرەقەی قەومی گەیاندە ئەوپەری خۆی‌و بوبە چەمکی ئەصلی لە بردنە پێشەوەی کاروباری حکومەتدا، ئەم سیاسەتە لە کەرکوك لەباری پراتیکەوە پاکتاوکردنی قەومی لە شاری کەرکوکدا دەرهەق بە کورد زمان‌و تورکمان زمانەکان پیادەکراو بەتاییەت لەسەر خەلکی کورد زمان تا ئەو پەری پیادە کراو لە ژێر ناوی کورد بوندا، هەزارەها خەڵکی ئەم شارە دەربەدەرو ئاوارە کران، هەزارەها شوناسنامەی قەومی خۆیان گۆری بە" عەرەب" کە پیٚیان دەوت " تصحیحی قەومی" لە ترسی ئەوەی لەم شارەدا دەرنەکرێن، بەهەرحال سیاسەتی تەعریب لەم شارەدا تاسەر کرۆك رۆچوو. ئەم حکومەتە گۆربەگۆر بوو بەهوی هێرشی ئەمەریکاوە. بەلام داگیرکردنی ئەمەریکا و نەبونی دەولەتێك دوای روخاندنی رژێیمی بەعس، هەلومەرجێکی هێجگار دژواری دروستکرد لە فەوزاو نەبونی ئەمنیەت‌و فراوانبونەوەی دامێنی تیرۆرو کاری ملیشیایی‌و بەم پیٚیەش ئەم سیناریۆ رەشە دەرگایەکی ئاوەلای کردەوە بۆ سەربەرزکردنەوە یان بلێین لغاو بەربونی بزوتنەوە قەومی‌و ئیسلامیەکان ، کە بکەونە گیانی یەکتری‌و قوربانیانیش خەڵکی بیٚچەك و زولم لێکراوبن. شاری کەرکوك لە دوای روخانی رژێمەوە قوربانی کێشەی قەومیە لەسەر ناساندنی ئەم شارە، هێزە کوردییەکان دەلێن ئەم شارە " کوردی" یەو دلّ و قودسی کوردستانە، ئەحزابی تورکمانی دەلێن ئەم شارە " تورکمانستانە"و پێویستە حوکمێکی خودمختاری هەبێت، بزوتنەوەی قەومی عەرەبیش دوای روخانی بەعس بیٚ خاوەنەو لە چەندین کۆمەلەو ئەحزابی جۆاروجۆرودا خۆی نیشان دەدات، دەلێت ئەم شارە شاریکی " عەرەبیە"... ئەمە کێشەی ئەصلی ئەم شارەیەو خەڵکی ئەم شارەی گیرۆدە کردوە بە نەتەوەپەرستی کویرانە، بەجۆرێك کە مافی سەرەتایی ئینسان چۆتە ژێر سایەی ئەم کێبەرکێیەوە، کە بەراستی حالەتێکی قیزەون‌و تا سەر ئیسك کۆنە پەرستانەیە. من نازانم بۆچی ریکخراوەی ژنانی تورکمان لە کۆنگرەی یەکەمی ژنان لە شاری کەرکودا بلێن ئیمە باوەرمان بەشەریعەتی ئیسلامەو پیمان خۆشە " حجاب " لەسەر بکەین!! مەبەستم ئەوەیە بلێم کە کێشەو کێبەرکیٚی قەومی کە لەلایەن ئەو هیزو ئەحزابانەوە گەرم رادەگیریت، وای لە خەڵك کردوە کە واز لە مافە ئینسانیەکانی خۆی بهێنێت، بۆ ئەوەی وا دەرنەکەویت کە رەنگە بە دژ بکەویتەوە لەگەل بزوتنە یان هێزە قەومیەکەی کە بەحساب بۆ ئەوان خەبات دەکات، بە بروای من ئەمە پێش ئەوەی هێزو شکۆداری بێت بۆ هێزیکی قەومی مانای بۆگەن بونی قەومپەرستیە. بەهەرحال هەلومەرجی شاری کەرکوك سەختەو پێویستی بەوەلامی ئینسانی‌و مامەلەیەکی دروستی ئینسانی هەیە، کە ریگر بێت لەبەردەم تەقینەوەی هەلومەرجەکەدا بەتەواوی.

***ریفراندۆم: دەوری حزبە ناسیونالستەکان لەسەر کێشەی کەرکوك چیە؟ فیدرالیزم کە لەلایەن حزبە کوردییەکانەوە وەك شیعاریکی ئەصلی بەرزکراوەتەوە، چەند دەتوانێت، ئەمنیەت‌و پێکەوە ژیانی دانیشتوانی کەرکوك دەستەبەر بکات؟!***

سامان کەریم: بە بروای هیچ پێویستی بە بیرکردنەوە نیەو هەموو کەسێکی ئاسایی شاری کەرکوك ئەوە دەزانێت، کە ئەحزاب‌و لایەنە قەومیەکان هۆکاری ریشەین لە خولقاندنی هەلومەرجی نائەمن‌و نا ئارامی ئەم شارەدا، مەسەلەی هەریەکە لەوان راکێشانی حەبلە بەلای خۆیدا، لەنێوەدا خەڵك چەند دەبێتە قوربانی، مافە ئینسانیەکان و ئازادی سیاسی و ژیان‌و گوزەرانی خەلك چی بەسەر دێت مەسەلەی ئەم هێزو لایەنانە نیە. ئەوان لە کردنی بەنزین بەسەر کێشەی دروستکراوی شوناسنامەی ئەم شارەدا، بەرژەوەندی سیاسیان هەیەو هەولی پچرینی بەشێکی زیاتریانە لە دەسەلاتی ئایندەی عیراقدا، دروشمی هەریەکەشیان نەتەوە

←

پەرستانەیە، لە ژێر ناوی " کورد" بونو " عەرەب" بونو " تورکمان" بونی ئەم شارەدا، ئەوان بازرگانیو ساتو سەودا بە سیاسەتەوە دەکەن، ئەمە ئەگەر چاو بنوقێنین لە بەندو بەستیان لەژێرەوە لە نیو یەکداو لەگەڵ ئەمەریکاشدا. ئەوەی دێتە سەرجادەو خۆپیشاندان ریکدەخات لە هەلومەرجی ئەمرۆی عیراقدا، خەڵکی ئاسایی نیە، بەلکو راستەوخۆ کارو پراتیکی ئەحزابو هێزە سیاسیەکانە، ئەمە بۆ هەموان رۆشنە، ئەوەی هوتاف بە کوردبون و تورکمانبونو بە عەرەب بونی ئەم شارە لێدەدات، و ئالای قەومی یان هێزیکی قەومی بەرزدەکاتەوە کاری خەڵکی ئاسایی نیە، کاریکە راستەوخۆ بە رینوینی ئەحزابو هێزە سیاسیەکان دەرواتە پێشەوە، تەنانەت هێزیکی کۆنە پەرستی وەك باندی موقتەدی صدر بوە بۆ پاریزەری لە ئەحزابی تورکمانی، لە پیناو بەرژەوەندی خۆیداو بەهێزکردنی ئیسلامی سیاسی شیعیدا لەم شارەدا، زۆر جار لەشارکانی ناوەراستو خواروی عێراقەوە خەلك دەهێنێت بۆ بەهێزکردنی خۆپیشاندانەکانیان و نمایشی عەزەلاتیان. لە خۆوە مەزارگەیەك ناروخێنریت، رەمسێك لێ ناکرێتەوە، دروشمێك ناسریتەوە، وە ئالایەك چاپ ناکریت بەسەر شەقامەکانەوە، ئەگەر کاری ئەحزابو هێزە سیاسیەکان نەبیت، بۆ ئەمەش خەلك دەخەنە پێش، ئەوخەڵکەی کە بێکارە، ئەو خەلکە کە ئیستاش یان لە ژیر خێمەدا دەژی یان لە کۆشکیکی دەولەتداو هەموو رۆژیك هەلدەکوتنە سەری دەرییکەن تەنانەت لە لایەن هەمان ئەوهێزەی کە بەکاریدەهێنیت، بۆ نمایشی عەزەلاتی خۆی، یان ئەو خەڵکەی نان نیيە بیخواتو ناچارە بوە پەنا بباتە بەر هێزیك بۆ ئەوەی بژیت، ئەمە کرینی پاروە نانی خەڵکە لە پێناو بەرژەوەندی سیاسیدا، ئەمە رویەکی هەرە قێزەونی سیاسەتی قەومپەرستانەو ئیسلام پەرستانەیە.

ئەوەندەی بگەرێتەوە بۆ سەر ئەحزابی کوردی و دروشمی فیدرالیزم، ئەمەیان باسێکی ترەو دەکرێت بەجیا لەکەرکوك باس بکریت، بەلام ئەوەندەی پەیوەندی بە شاری کەرکوکەوە هەیە، ئەحزابی قەومی کورد، وازیان لە کەرکوك هێناوە لایەنی کەم تاکو ساڵو نیوێکی تر، بە پێی بریاری خۆیان کە لە ١٥ی تشرینی دووەمی سالی پاردا مەجلیسی حوکم مۆری کرد لەگەل ئیدارەی ئەمەریکیدا. بەلام بۆ ئەحزابی کوردی پیش ئەوەی باسەکە باسی فیدرالیزم بێتو جیکردنەوەی کەرکوك بیت لە " کوردستانی فیدرالدا" جاری کۆسپی ئەوان شوناسنامەی کەرکوکە، ئەوان دەیانەوەی لە ریگای زۆر و هەرەشەی رەوانە کردنەوەی " مستفدینو وافدین" و بە پێی سجلی تاریخی "١٩٥٧" ئەم شارە بەکوردی بناسێنن، شوناسنامەی کوردی لەبەر بکەن، چونکە ئەمەیان سەرنەگرێت ئیتر باسی کەرکوكو فیدرالیزمی کورد زۆر یەك ناگرنەوە. بەهەرحال ئەوان جاری خەمێکی تریان هەیە لە پشت ئەو خەمەوە بەرژەوەندی سیاسی ئەحزابی کوردی هەیە، بەرژەوەندییەك کە سەهمو بەشی ئەوان لە دەسەلاتدا زیادو کەم دەکات بە پێی بونو نەبونی کەرکوك بە " شاریکی کوردی". بۆیە ئەوان هەمیشەو هەموو کات لە هەولی ئەوەدان، بۆئەمەش هەموو ریگایەك دەگرنە بەر لە خۆپیشاندانو بەرزکردنەوەی دروشمی کوردایەتی و ناساندنی ئەم شارە بە شاریکی کوردی هەروەك لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی پاردا لەم بارەوە کێشەیەکی گەورەیان نایەوە، تاکو هەلاواردن لە دائیرە و تەنانەت لەنیو هێزەکانی پۆلیسدا، تاکو شەری چەکداریو... دیارە هیزە کوردییەکان لەچاو باقی هێزە قەومیەکانی تردا ریکخراوترینو بەهێزترین هێزن، وبەم پێیەش بالانسی تواناى ئەوان لە چاو هێزە قەومیەکانی تردا قابلی بەراورد کردن نیە.

بۆیە ئەوەندە بگەرێتەوە بۆ فیدرالیزمی قەومیو مەسەلەی کەرکوك، ئەوەندە پەیوەندیان هەیە کە کەرکوك لەم کیبەرکێیەدا بەرگی کوردی لەبەر بکات، ئەگەر شوناسنامەی ئەم شارە بو بەکوردی ئەوکات فیدرالیزمی قەومی نەك تەبایی دروست ناکات بەلکو خۆی لەسەر پایەی کیویك لە رقو کینەی قەومپەرستی لەدایك دەبیتو بەم پێیەش ناکریت تەوەقعی ئەوە بکریت، کە فیدرالیزم تەبای دروست دەکات. کاتیك ئەو فیدرالیزمە کەرکوکی دەچێتە سەر ئەو کاتەیە کە تەفرەقەی قەومی لە سنوری یاساو دەستوریش چۆتە دەروەو بوە بەرشتنی جۆگەلەی خوین، بوبە بە داکوتینی رقو کینەی نیوان " ئەقوام" بونە بە لیك دابرانێکی مێژویی لەنیوان زمانە جیاوازەکاندا. هاوپشتی ئینسانی و پیکەوە ژیانی ئاشتیانە بەوینەی هاوولاتی یەك وولات جیگای خۆی دەدات یان ئەوکاتە جیگای خۆی داوە بەرقو تۆلەسەندنەوەی قەومی، هەروەك چۆن ئیستاش کێشەی تورکو ئەرمەن باقیە بەهەمان شێوەی لێدیت یان وەکو چۆن کێشەی نێوان عەرەب زمانی فەلەستینو ئیسرائیل برینێکی قولە ئەویش بەهەمان شێوەی لێدیت. بۆیە جاری کەرکوكو فیدرالیزم دوو چەمکی جیاوازن. بەلام من پیویستە لیرەدا ئاماژە بەمەسەلەیەك بکەم لە روانگەی خۆمەوە، ئەویش ئەوەیە لە کاتی جیابونەوەی کوردستاندا" کە ئەمەیان ئەحزابی کوردی مەگەر لەمەجلیسی خۆیاندا ئەویش لەگەل یەکتری نا بەلکو مەجلیسی حزبی هەریەکێکیاندا لە ژیرەوە باسی بکەن" وە بونی حکومەتێکی غەیرە قەومی و غەیرە دینی لەکوردستانداو بە فەرزی هاتنە سەرکاری حکومەتیکی عەرەبی یان ئیسلامی لەباقی شوینەکانی تری عێراقدا، ئەوکات جیگای خۆیەتی خەڵکی کەرکوك لەگەل ئەو حکومەتەدا ژیان بکەن کە ئازادیو خۆش گوزەرانیان بۆ دەستەبەر دەکات، دەلیم خەڵکی کەرکوك، واتە تەواوی دانیشتوانی کەرکوك بە هەموو زمانەکانەوە. باسی ئیمە لیرەدا باسی مافەکانی ئینسانو باش بژیەتی ئینسانە، لەهەرکوێ ئینسان ژیانیکی باشتری دەسکەویت، بە پێی حەیاتی واقعی خۆی رودەکاتە ئەوشوینە.

*ریفراندۆم: ئیوە لەم ماوەیەدا دەوریکی بەرچاوتان بوە لەخستنە رووی وەسیقەی کەرکوك" بریارنامە لە پیناو شوناسنامەیەکی ئینسانی بۆکەرکوكو ژیانیکی ئاسودەو تەبا بۆ خەلکەکەی" بۆ چارەسەری کێشەی قەومی لەو شارەدا. ناوەرۆکی ئەم وەسیقەیە چییە، وەچەند لەلا یەن خەلکی کەرکوكو هێزە*

***سیاسیەکانەوە پشتیوانی لێ دەکرێت؟!***

سامان کەریم: باسی ئێمە لە پەیوەند بەم وەسیقەیەوە، کە بە وەسیقەی ئینسانی گرینگی دەزانین لە پێناو دابینکردنی ئەمنیەتو ئارامی بۆ دانیشتوانی شاری کەرکودا، وە بۆ بەرگرتن بە کێشەو شەری قەومی، ئەوەیە کە جێ کەوتنی ئەم وەسیقەیە لەنێو دانیشتوانی شاری کەرکودا، گرینتیە بۆ بەرگرتن بەشەرو ئاژاوەی قەومی، گرنتیە بۆ ئەوەی کە خەڵکی ئەم شارە لەجیاتی ئەوەی خۆیان بکەنە قوربانی نەتەوەو ئەحزابی قەومی، خەبات بکەن لە پێناو مافە ئینسانیەکانی خۆیاندا لە پێناو ژیان و گوزەرانیکی باشتردا، واتە لە جیاتی ئەوەی ببنە لەشکری ئەحزابی قەومی و بکەونە گیانی یەکترو کوشتنی یەکتر، خەباتی هاوبەشی خۆیان دریژە پێبدەن لە پیناو باشترکردنی ژیانی خۆیاندا هەروەك پێشتر لە گاورباخیدا نیشانیان دا. وەسیقەکە مەوجودەو ئیوەش دەتوانن لە ریفراندومدا بلاوییکەنەوە.

ئەوەندە بگەریتەوە سەر وەلامی بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، دەتوانم بە دلنیایەوە بلیم، کە زۆربەی زۆری خەلکی کەرکوك دژ بەکوشتو کوشتارو شەری قەومین، ئەوان خۆیان سەدان ساڵە پیکەوە دەژین و کۆسپیکی لەمبابەتەیان نەبوە، مندالانیان پیکەوە یاری دەکەنو لە خۆشی و ناخۆشیدا پیکەوەبون ودراوسێ مالی یەکترن، ئەم کێشەیە دروستکراوەو رۆژ بەرۆژ لەلایەن حکومەتو ئەحزابی سیاسی قەومیەوە گەورەترو گەورەتر کراوە، پەیوەندی نیە بە بەرژەوەندی خەڵکەوە. بەگشتی خەڵکی کەرکوك بەرەو پیری ئەم وەسیقەیە هاتون، بە شێوەیەکی رۆشنتر بلێم بە کورد زمانو عەرەب زمانەوە ئەم وەسیقەیان پێ باشەو ئیمزایان کردوە بەلام ئەمە سەرەتایی کاریکە، لەنیوان ئیمزا کردنو وە لەگەل بوندا فاصلیەکی زۆر هەیە، ئیستا ئیمە لەهەردوو قوناغەکەداین هەم دریژەدان بە کۆکردنەوەی ئیمزاو هەم خەباتکردن و ریکخستنی ئەوانەی ئیمزایان کردوە، بۆئەوەی لەگەل وەسیقەکەدابن، خۆیان ببن بەبەشیك لە هەلسوراوانی جێبەجێکردنی ئەم وەسیقەیە، کە وەسیقەی خۆیانەو بەناوی خۆشیانەوە نوسراوە. زۆر کەس وەتانەت لە نیو هاوریانی خۆماندا لایان سەیر بوو بۆچی ناوی حزبی لەسەر نیە، وەلامی ئیمە ئەوەبوو کە ئەوە هیوای ئامانجی خەلکی کەرکوکە، وە پیویستە بەناوی خۆیانەوە بێت. خەباتی رۆژانەی ئیمە بەدەوری ئەم مەسەلەیەدا تەوەرەی بەستوە، ئومیدم وایە کە بتوانیت رۆلی کاریگەری خۆی ببینیت بۆ ناکامکردنەوەی کیبەرکیو تەفەرقەی قەومی. کە لە نیو خەلکداین بە رۆژانە ئەم ئومیدە رۆژ بەرۆژ زیاد دەکات. بەکورتی ئەم وەسیقەیە ئەنتی بایەتیکی تەفرەقەو رقو کینەی قەومییە، ئەگەر خەلکی کەرکوك یان زۆربەی خەلکی کەرکوك ئەم ئەنتیبایەتیکەیان پەیداکردبێت، ئەوە مانای ئەوەیە ریزی خەلك لە ئەحزابی قەومی جیابۆتەوەو بەم پێیەش ئەم کێشەیە روەو چارەسەری ئینسانی ملی ریگا دەگریت، هەروەك لەوەسیقەدا هاتوە. بەلام ئەوەندەی بگەریتەوە سەر ئەوەی ئەحزابی سیاسی لە کەرکوك چەند پیشوازی لەم وەسیقەیە دەکەن، دەبی بزانین ئەحزابە سیاسیەکان کێن، ئەوانەی کە هەن یان ئیسلامی سیاسین یان قەومین هەر لایەکیان خۆیان بەشیکن لەم کیبەرکیو کۆسپە، بۆیە ناکریت تەوقعیکی لەم بابەتەمان هەبیت، کە ئەو ئەحزابانە ببن لەگەل ئەم وەسیقەیە لایەنی کەم لە ئیستادا. دەمێنیتەوە سەر حزبی شیوعی مەبەستم حزبی شیوعی عیراقە، ئەویش بە حوکمی مەوقعیەتیك کە لەم سیناریۆ رەشەدا پەیدایکردوە، جاریك بەلای ئەحزابی کوردیدا دەیشکینیتەوەو جاریکی تر ئیمزا لیدەدات بۆ ئەوەی کە ئیسلام دینی دەولەتو بناغەیەك بیت بۆ قانون، بۆئەوەی حمید مەجید موسی و ئەو تاکە وەزیرەیان لە سەر کورسیەکانی خۆیان بمێننەوە، من بەش بەحالی خۆم روناکی لەحزبی شیوعیدا نابینمەوە لایەنی کەم لە ئیستادا، وە خۆی بەشیکە لە خەستکردنەوەی سیناریوی رەش. لیرەدا جیگای خۆیەتی ئاماژە بەمەسەلەیەك بکەم، لەشاری کەرکوك، ئەویش ئەوەیە ئەم کێبەرکیو تەفرەقەی قەومی و نەتەوەپەرستیە بالی کێشاوە تەنانەت بەسەر مافە ئینسانیو پارەوە نانی خیزانەکانیشدا، بۆنمونە چەندین ریکخراوی مافی مرۆڤ هەیە هی ئەحزابی کوردی جیایە، هی تورکمانەکان جیایە، هی ئیسلامیەکان جیایە، هی عەرەبەکان جیایە، ئەمە بۆخۆی دژایەتی توندی قەوم پەرستی و ئیسلام نیشاندەدات تەنانەت لەگەل جارنامەی گەردونی مافی مرۆژیشدا کە بەروکەش هەموو هیزەکان لەگەلیدان. ئەگەر مافی مرۆڤ، جیبهانیە وجیهانداگرە، ئەوا ئەم هەموو ریکخراوی مافە مرۆڤە مانای چیە؟! جگە لەگالتەکردن بە ئەو مافە ئیفلیجانەش نەبیت کە لە جارنامەکەدا هاتوە. خەلکی کەرکوك بەدەوری مەسائلی قەومیدا قوتبی بۆتەوە، ئیمە لەسەرمانە ئەم هاوکیشەیە بگۆرین.

***ریفراندۆم: لەم رۆژانەدا هیزیکی هاوبەشی پاریزگاریو پۆلیس هێرشیان کردە سەر ئاوارەکانی شاری کەرکوك، ئیوە ئەمە چۆن دەبینن، وە ریگە چارەتان بۆ چارەسەری ئاوارەکان چیە؟!***

ریفراندۆم: لە پەیوەندی بەشاری کەرکوکەوە، ئەم مەسەلەیەش واتە مەسەلەی بی خانوەکان وەکو زۆر مەسەلەی تر جیاوازی هەیە. ئاوارەکان بەمانا گشتیەکەی دابەش بون بەسەر چەند جۆردا، هەندیکیان پیشوتر لەسایەی سیاسەتی پاوکتاوکردنی قەومیدا لەلایەن رژیمی بەعسەوە دەرکراون وئاوارەبون کە ئەمانە کورد زمانو تورکمان زمانەکان دەگریتەوە، ئیستاش زۆربەیان ئاوارەن یان لە ژیر خیمەدا دەژین یان خانوەیەکیان پیکەوە ناوە کە ئەوەشیان ناوناوە "تجاوز" و خەرکی ئەوەن کە لەویش ئاوارەیان بکەن. بەشیکی تریان کێشەیەکی سیاسیە

← ل١٢

# ئایندەی کوردستان و ڕێگا چارەی مەسەلەی کەرکوک

## کێشەکانی عێراق لە سایەی دەستوری کاتی دا

**ئاسۆ کەمال**

ئەحزابی ناسیونالیستی کورد شایی ولۆغانیان بەبۆنەی ئیمزای دەستوری بەڕێوەبردنی کاتی دەوڵەتی عێراقەوە گێڕا .ئەم حزبانە دەیانەوێت دڵی خۆیان خۆش بکەن بە هەر ئیعترافێکی نیوەناچڵیش بێت بە دەسەڵاتی کاتی خۆیان و ئەمە بەناوی سەرکەوتن دەرخواردی خەڵکی کوردستان بدەن .لەکاتێکدا ئاشکرایە کە خەڵکی عێراق و کوردستان نەلە پرۆسەی داڕشتن و بڕیاردانی ئەو دەستورەدا دەوری بوە ونە ئەو دەستورە خواستی ئەو خەڵکە نوێنەرایەتی دەکات .بە پێچەوانەوە دەستوری کاتی ڕێکەوتنی ئەحزاب و لایەنە قەومی وئیسلامیەکانی عێراق و کوردستانە لەسەر بەش و تەقسیمی دەسەڵات و ئیدارەی عێراقدا بەپێی تەوازنی هێزیان ولەژێر چەتری ئەمریکادا .ئەمە دەستورێك نییە بۆ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگای عێراق کە لەد ەست دیکتاتۆریەتی بەعس ڕزگاری بوە بەشێوەیەك کە پێویستیە هەنوکەیی و بناغەیی‌یەکانی خەڵکی عێراق وەڵام بداتەوە و چارەسەری کێشەکانی ڕوبەڕوی ئەم کۆمەڵگایە بۆتەوە بکات .بە پێچەوانەوە دەبینین دوای دەستوری کاتی کێشەی نەبونی برسیەتی و بێکاری و نەبونی ئەمنیەت و ئارامی هەر درێژە دەکێشێ ، سەرکوتی ئازادیە سیاسی و فەردیەکان لەسایەی باڵا دەستی ئیسلامیەکان لە ناوەڕاست وباشوری عێراقدا پەرە دەستێنێ ، هەروەها کێشەی قەومی لە شارێکی وەکو کەرکوکدا بەرەو توند بونەوە دەڕوات .

دەستوری کاتی بەدیلی باڵی ڕاستی کۆمەڵگای عێراقە کە لە ناسیونالیزمی کورد و ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزمی عەرەب پێك دێت و بەشێك لەو سیناریۆ ڕەشەیە کە ئەم هێزانە دەیانەوێت وەك نیزامی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراقدا بیسەپێنن .ئەم دەستورە نەك ناتوانێت عێراق لە قۆناغی نائارامی و پرکێشەی ئێستایەوە بگوێزێتەوە بۆ قۆناغی ئارامی و بوژانەوە و ڕێکخستنەوەی مەدەنیەت بەڵکو خودی دەستورەکە ئەم کێشانە درێژە پێدەدات و دەیەوێت شەڕی قەومی و کۆنەپەرستی ئیسلامی بکاتە ئەمری واقیع و بونەتە کۆسپی بەردەم گەیشتنی خەڵکی عێراق و کوردستان بە ئازادی و نیزامێکی مەدەنی سکۆلار و غەیرە قەومی .

ئایندەی خەڵکی کوردستان و کێشەی کەرکوکیش کە پەیوەستە بە مەسەلەی کوردەوە لە سایەی ئەم دەستورە و شەڕ و کێشمە کێشی ئەم لایەنە دژ بەیەکانەیدا لەبەردەم ناڕۆشنی و خەتەری جۆراوجۆردا ڕاگیراوە .هەر لە شەڕی پێش و پاشی دەرچوونی دەستورەکە لە نێوان شیعەی سیاسی و ناسیونالیزمی کورددا سەیری بکەیت دەردەکەوێت کە ئایندەی ئەم ڕێکەوتن و ئیدارە ئینتقالیە چ پەیامێکی شەڕەنگێزی هەڵگرتوە کە هەر لایەکیان بە شوێن هێز کۆکردنەوەیە بۆ پاوانکردنی دەسەڵات و ناوچەی زیاتر .پەیامی هەموو ئەم ″ برا دژ بەیەکانە ″ی لە ژێر ئاڵای ″ دیموکراسی ″ ئەمریکیدا بەناچار کۆبونەتەوە یەك شتە ئەویش ئەوەیە کە خەڵکی عێراق و کوردستان دەبێت ببنە قوربانی ئەم سیناریۆ ڕەشەی هەموو ژیان و نیزامێکی مەدەنی لەم نێوەدا لە بەین دەبات و کۆمەڵگا گیرۆدەی شەڕی قەومی و کۆنەپەرستی ئیسلامی دەکات .

### ئایندەی کوردستان ،لە دیفاکتۆوە بۆ گەڕانەوە بەرەو دواوە؟

دان نان بە حکومەتی یەکێتی وپارتیدا هەموو ئەو دەستکەوتەیە کە ناسیونالیزمی کورد بە هەنگاوی مێژوویی خۆی ناوی دەبا .بەڵام ئەمە یەکەم جارنی‌یە ناسیونالیزم ئەم کارە مێژوویی‌یە تەمەن کورتانە بکات .بەیانی ئازاری 1970 کە لەلایەن بەعسەوە ڕاگەیەنرا کۆپیەکی زۆر کاڵتری ئەم ڕێکەوتنەی ئازاری 2004نەبوو .لەکاتێکدا ئەگەر بەراوردی واقعیەتی دیفاکتۆی جیابونەوەی عەمەلی کوردستان لە 12ساڵی ڕابردوودا بکەیت دەبینیت کە ئەم دەستورە کاتی‌یە لەچاو وەزعی سەربەخۆبونی عەمەلی کوردستاندا گەڕانەوەیە بۆ دواوە . لەبەر ئەوەی گەڕانەوەی ئێستا لە سایەی دەستورێکدا کراوە کە لەلایەك دینی ئیسلامی وەك سەرچاوەی یاسادانان داناوە کە ئەمە ئیمتیاز بۆ شیعەی سیاسی و حکومەتی ئیسلامیە لە عێراقدا و لەلایەکی ترەوە چارەنوسی کوردستانی سپاردوە بە کێشەی تەقسیمی فیدرالیزمی قەومی و قەدەغەبونی مافی جیابونەوەی خەڵکی کوردستان لەم دەستورەدا .

دان تێژکردنەوەی سیستانی و مەجلسی ئەعلا و حزبی دەعوە باقی ناسونالیزمی عەرەبی لەوەی کە ″ یەکێتی خاکی عێراق ″ نەپارێزرێت و کوردەکان لە ژێر دەستی دەسەڵاتی مەرکەزی خۆیاندا نەمێنێت ئەگەر لە بەندەکانی دەستوری کاتی‌دا بەڕۆشنی نەیتوانیوە جیگای بکرێتەوە لە ئێستادا بەڵام ئەمە ڕا و سیاسەتێکی ئاشکرای ئەم هێزە شۆڤێنستانەیە و ناڕەزایەتیان بە دەستورەکە لەسەر ئەم مەسەلانەیە .لە سبەینێی ″ هەڵبژاردن ″یان و گرتنە دەستی حکومەت و دەسەڵاتی تەنفیزیەوە ئەمانە بەشێوەی جۆراوجۆر پیادەدەکەن و بەناوی دەسەڵاتی زۆربەوە دەست دەکەنەوە بە هێرش کردنە سەر خەڵکی کوردستان . ئەمانە هێشتا دەسەڵات و حکومەتیشیان بەدەستەوە نەگرتوە هێرش دەکەنە سەر ژنان و هەر دەنگیکی ئازادیخواز لە عێراقدا و دیکتاتۆریەتی ئیسلامی بە سەر هەموو خەڵکدا دەسەپێنن بەهەمان شێوەی جمهوری ئیسلامی ئێران .

لەبەرامبەریشدا یەکێتی وپارتی چارەنوسی خەڵکی کوردستانیان خستۆتە بازنەی ڕێکەوتن و

←

مامەڵەی خۆیانەوە لەگەڵ ئەم هێزە ئیسلامی وقەومیانە لەسەر تەقسیمی دەسەڵات و ناوچەکان و درێژە بە دوبارەوبونەوەی هەمان تەجروبەی شکست و سیناریۆی ڕەشەکانی ڕابردوو دەدەن . بەدیلی فیدرالیزمی قەومی ئەمانە نەك ناتوانێت خەڵکی کوردستان لە مەترسی گەڕانەوەی ستەمی قەومی جاراندا بپارێزێت بەڵکو ئایندەی ئەم خەڵکە دەبەستێتەوە بەم تەقسیماتەوە کە بەناوی فیدرالی وحوکمی زاتیەوە هەمیشە لەبەردەم خەتەری هەڵوەشانەوە و ئیلغاکردنەودا دەبێت ئەگەر تەوازنی نێوان هێزە ڕێکەوتوەکان گۆڕدرا و ئەوەی لە ڕژێمی بەعس لە ساڵی 1974 بینیمان لە ئێستادا بە دەیان زمان لە شیعەی سیاسی و ناسیونالیزمی عەرەبی دەبیستین کە ئەوان ناچارکراون بە قبوڵی ئەم ڕێکەوتنە لەسەر دەستوری کاتی وهەڕەشەی هەڵوەشانەوەی دەکەن وهیچ حسابێکی بۆناکەن .بەڵام بۆ ئەحزابی ناسیونالیستی کورد هیچ کام لەم هەڕەشانە ئەو والێ ناکات دەستبەرداری بازاڕی مامەڵە و تەقسیمی قەومی دەسەڵات ببێت چونکە ئەمە تەنیا بازاڕێکە کە ناسیونالیزمی کورد بەهۆیەوە بتوانێت بەناوی ″ خەتەری بێگانە″وە بتوانێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر چارەنوس وژیانی خەڵکی کوردستاندا درێژە پێبدات .فیدرالیزم پەیوەندی بەچارەسەری مەسەلەی کورد و چارەنوسی خەڵکی کوردستانەوە نیە بەڵکو ڕێگایەکە بۆ درێژەدان بەم دەسەڵاتداریتیەی یەکێتی وپارتی و هێشتنەوەی ئەبەدی ئەم تەقسیم کردنەی دەسەڵات بەناوی مافی میللەتی کوردەوە .

خەڵکی کوردستان لەسایەی ئەم سیناریۆی باڵادەستی ئیسلامیەکان و سەپاندنی فیدرالیزمی ناسیونالیزمی کورددا ئایندەیەکی ناڕۆشن وهەڵواسراوی هەیە و ڕوبەڕوی مەترسی جۆراوجۆرکراوەتەوە .گەڕانەوەی ستەمی قەومی و کەوتنە ژێر باڵی کۆنەپەرستی ئیسلامی یاخود بونە قوربانی شەڕی دەسەلاتی ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد ئەمانە ئایندەیەکن کە لەسایەی سیناریۆی ڕەشی ئەم هێزانەدا سازدەکرێت .دەرچوون لە بازنەی ئەم سیناریۆیانە مەسەلەیەکە کە سەرنجی خەڵکی کوردستانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە .لەم نێوەشدا مەسەلەی کەرکوك وەك کێشەیەکی ئاڵۆز و هەڵواسراو خۆی دەنوێنێ کە پێویستی بە ڕێگاچارەیەکی فەوریە تاکو نەخراوەتە بەردەم بەبن بەستێك کە سیناریۆی شەڕی قەومی دەتوانێ لەهەر لەحزیەکدا پێکی بهێنی .ئێمە پێشتر لە وەزعیەتی دیفاکتۆی 12ساڵی ڕابردوودا جیابونەوەمان بە هەنگاوێك بەرەو پێش ناوبرد و کارمان بۆ دەکرد تاکو خەڵکی کوردستان نەگەڕیندرێتەوە ژێر سایەی ستەمی قەومی و کۆتایی بەسەرگەردانی سیاسی بێت ، ئێستاش بە هەمان شێوە نامانەوێت لە وەزعیەتی دیفاکتۆوە بەرەو دواوە کوردستان بگەڕێتەوە ژێر ڕەحمەتی حوکمی زاتی و فیدرالیزمی قەومی و ئێمە بەشوێن ڕێگاچارەیەکی ئینسانی ومەدەنی وعادلانەدا دەگەڕێین کە کۆتایی یەکجاری بەم نادیاری و خەتەرانە بهێنێت کە لەسەر چارەنوسی خەڵکی کوردستان ماوە .

(بەشی دووەم (

## ڕێگاچارەی خوازراو ، ڕێگاچارەی ناچاری

بە نەمانی ڕژێمی بەعس ستەمی قەومی لەسەر خەڵکی کوردستان نەما و ئێستا فرسەتێك بۆ خەڵکی کوردستان لە ئارادایە کە ئایندەیەکی دوور لە جیاوازی ڕەگەزی و ستەمی قەومی هەبێت .ئەم فرسەتە پەیوەستە بەوەی کە ڕژێمی عێراق ببێتە ڕژێمێکی غەیرە قەومی سکۆلار کە خەڵکی کوردیش وەکو باقی خەڵکی عێراق وەك هاوڵاتیانێك کە مافی یەکسانیان هەیە سەیر بکرێن و لە دەستور ولەئیدارەی دەوڵەتدا هیچ پێناسە وئیمتیازاتێکی قەومی نەمێنێت .لەم هەلومەرجەدا کێشەی کورد دەتوانرێ لەڕێگای دابینکردنی مافی یەکسان بۆ هاوڵاتیان و سڕینەوەی هەموو مۆرکێکی قەومی ودینی لەسەر دەسەڵات و قانون و پەروەردە وفێرکردن دا بەدی بێت .دامەزرانی دەولەتێکی مەدەنی و سکۆلاری غەیرەقەومی لەم چەشنە دەتوانێت ببێتە مایەی دابینکردنی خواستی خەڵکی کوردستان بۆ نەمانی یەکجاری پلەدوویی و هەڵاواردنی ڕەگەزی لەسەری .ئەمە فرسەتێکە بۆ خەڵکی کوردستان کە بەنەمانی ڕژێمی بەعس لەبەردەمیاندا کراوەتەوە و لەم ڕێگایەوە دەتوانین کۆتایی بەو قەڵشتە قەومی یە بهێنین کە چینی کرێکار و کۆمەڵانی چەوساوە لەعێراقدا بەدەستیەوە دەناڵێنن و بوەتە وەسیلەیەك بەدەستی ناسیونالیزمی کورد وعەرەبەوە بۆ سەپاندنی باڵادەستی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا .هەربۆیە هەلومەرجی دڵخوازی ئێمە گەشەپێدان وبەهێزکردنی خەباتی سەراسەری خەڵکی کوردستان وعێراقە لە پێناو گۆڕینی وەزعی سیاسی ئێستاو هێنانەسەرکاری دەسەڵاتێکی سکۆلاری غەیرە قەومی . بەڕوادانی ئەم ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتیە خەڵکی کوردستان دەتوانێت لە هەلومەرجێکی ئازاد و ئارامتردا بڕیاری خۆی لەسەر چارەنوسی کوردستان بدات و بەرژەوەندی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئابوریشی دیاری بکات کە مانەوەیە لە عێراقدا یان جیابونەوەیە . لەهەلومەرجێکی لەم چەشنەدا ئێمە مانەوە بەڕێگای خوازراوی خۆمان دەزانین و ئەمە پێشنیار دەکەین بۆ خەڵکی کوردستان . بەڵام وەزعیەتی ئێستا لەسایەی باڵادەستی ئەحزابی شیعەی سیاسی لە خوار و ناوەڕاستی عێراقدا و هەوڵەکانی ناسیونالیزمی عەرەبی شکست خواردوو بۆ هاتنەوە مەیدان ،وەهەروەها لە سایەی حاکمیەتی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لە کوردستاندا ڕوبەڕوی مەترسی شەڕی قەومی و سەپاندنی کۆنەپەرستی ئیسلامی بۆتەوە . ئەم هێزانە هیچ هەلومەرجێکی ئازاد وئارام ڕێگە پێنادەن تاکو خەڵکی کوردستان

←

بتوانێت لەم فرسەتەی هاتۆتە ئارا کەڵك وەرگرێت بۆ بەشداری یەکسان و وەك هاوڵاتی یەکسان لە ئیدارە دەوڵەت و کۆمەڵگادا .ئەم هێزانە ناتوانن ئیدارەی مەدەنی لە کۆمەڵگادا بەڕێ بخەن و نمونەی بن بەستی مەجلسی حوکم و مەجلسی پارێزگاکانی کەرکوك و موصل و چەندین شوێنی تر بە هۆی توند بونەوەی کێشەی قەومی و مەزهەبی نێوان ئەم دەستە و تاقمە قەومی وئیسلامیانە نیشاندەری ئەم ڕاستیەیە کە ئەمانە ناتوانن ئیدارەی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی مەدەنی بکەن و نیزامی سیاسی وکۆمەڵایەتی لەسایەی ئەمانەدا تەنها سیناریۆیەکی ڕەشی شەڕ و کێشەی بەردەوام و نەبڕاوەی قەومی و مەزهەبی دەبێت و کۆمەڵگا غەرقی گێژاوی ئەم کێشانە دەکەن .درێژە کێشانی ئەم هەلومەرجە و ئەم سیناریۆ ڕەشە بەزیانی ژیانی مەدەنی و مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی عێراق و کوردستان دەبێت و هەلومەرجی خەبات و باش بژێوی خەڵك خراپتر دەکات و لە شوێنێکدا کۆمەڵگا توشی بن بەستی قوڵ و ئیفلیج بوون دەکات .ئێمە دەمانەوێت بەر بەڕوانی ئەم هەلومەرجە بگرین و دەمانەوێت بە کەم دەردی سەرترین ڕێگاش ئەم وەزعیەتە نادیار و هەڵواسراوەیەی ئێستاش کۆتایی پێبهێنین و لەم پێناوەدا ئەگەر هەلومەرجی ئێستا ڕۆژ بەڕۆژ ڕۆبچێت بەرەو داخرانی هەموو دەرگاکان بچێت بەروی ئاڵوگۆڕێك لە تەوازنی هێزەکان لەئاستی سەراسەریدا بەقازانجی دەسەڵاتێکی سکۆلار و شکانی شیعەی سیاسیدا و ئەم هێزانە لە سەپاندنی حکومەتی ئیسلامی وقەومی و تەقسیمی فیدرالی نزیك بکاتەوە ئەوا ناچاردەبین کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانبانگەواز بکەین بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنوسی کوردستان لەڕێگای بەرپاکردنی رفراندۆم و جیابونەوەوە .ئێمە نامانەوێت چارەنوسی خەڵکی کوردستان بدەینە دەست مامەڵە و ڕێکەوتن وشەڕ و کێشەی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لەگەڵ ئەو هێزە کۆنەپەرستە ئیسلامی و قەومییە عەرەبیانەدا کە ئایندەی عێراق و کوردستان نوقمی سیناریۆی شەڕی قەومی ومەزهەبی دەکەن و مەدەنیەتی کۆمەڵگای عێراق دەسڕنەوە کە ئێستا تارمایی ئەو سیناریۆی شەڕی قەومیە بەسەر شارێکی وەك کەرکوکەوە دەبینین چۆن دێت وەدەچێت .

## ڕێگا چارەی کەرکوك کانونێکی پڕ مەترسی ئەزمەی ئێستا

چارەنوسی کەرکوك هەڵپەسێردراوە تا کاتی دەستوری هەمیشەیی بەڵام لە واقعدا هەرکام لە لایەنە قەومیە کوردی و تورکمانی و عەرەبیەکانی ئەم شارە لە کێشمە کێش و خۆکۆکردنەوەدان بۆ ئەو شەڕەی لەسەر یەکلایی کردنەوەی چارەنوسی ئەم شارە دەکرێت .بە بن بەست گەیشتنی مەجلسی پارێزگای کەرکوك و دەست لەکارکێشانەوەی عەرەب و تورکمانەکانی ناوی سەرەتای ئەم ئەزمەیەیە کە ئەو سەری دیارنییە بەکوێ دەگات لەسایەی شەڕی دەسەلاتی هەرکام لەم لایەنانەی کە دەیەوێت کەرکوك پاوان بکات .ئەمە بچوك کراوەی ئەو شەڕی دەسەڵاتەیە کە هێزەکانی ناو مەجلسی حوکم لە ئاستی سەراسەریدا دەیکەن ،بەڵام ئەم شەڕە ئەگەر ئێستا لە ئاستی سەراسەریدا بە لەشکرکێشی نەتوانرێت ئەنجام بدرێت ئەوا لە کەرکوکدا بە کۆکردنەوەی هەر گەڕەکە و ناوچەیە لە کەرکوکدا لەژێر ئاڵای قەومیەتێکدا دەتوانرێت شەڕی ناوگەڕەك وسەرجادەکان دەست پێبکات و تەقسیمی فیدرالی گەڕەك وشەقام و ناوچەکانی پارێزگای کەرکوك بخەنە ڕێ ولە شارێکدا ئاڵای سێچوار دەوڵەت هەڵبدەن .

چارەسەری ئەم کێشە ئاڵۆزەی شاری کەرکوك پێویستی بە وردبونەوەیەکی زیاترە لە ئەبعادەکانی ئەم کێشەیە .ئەم کێشەیە لە لایەك بەشێکە لە کێشەی کورد لە عێراقدا و لەلایەکی تریشەوە پەیوەستە بە چۆنیەتی دیاریکردنی چارەنوسی کوردستانەوە .

بەهەمان شێوە کە لەسەر ڕێگاچارەی کوردستان باسمان کرد کە ڕێگای دامەزرانی دەوڵەتێکی سکۆلاری غەیرەقەومی دەتوانێت هەلومەرجێکی لەبار پێك بهێنێت بۆ چارەسەری ئاشتیانە و عادلانەی مەسەلەی کورد و فەراهەم بونی ڕێگا بۆ هەڵبژاردنی مانەوە لەعێراقدا، ئەم هەلومەرجە و مانەوەی کوردستان لەگەڵ عێراقدا خۆبەخۆ بەمانای نەمانی مەسەلەی کێشەی قەومیە لە کەرکوکیشدا و کەرکوك وەکو هەر شارێکی تری عێراقی لێدێت کە هەموو هاوڵاتیان تیایدا بەیەکسانی دەژین و دەتوانن هەویەی ئینسانیان بخەنە پێش و دەست لە بەرزکردنەوەی هەویەی قەومی و مەزهەبی بهێنن .بەڵام لە ئێستادا کە دەسەڵات لە ئاستی عێراق ، مەجلسی حوکم ، وە لەئاستی کەرکوك ، مەجلسی پارێزگا،کە بەپێی قەومی ومەزهەبی دابەشکراوە ڕێگای کردۆتەوە بۆ دابەشکردنی گەڕەك و ئیدارە و دەسەلاتیش بەپێی ئەم قەوم وتایەفە وعەشیرەت و مەزهەبانە . شەڕی ئەو لایەنانە لەسەر بەشیان لە کەرکوکدا سەرچاوەی شەڕ وکێشەیەکە کە لەناو خەڵکدا بەرپادەبێت بەپێی ئەو تەقسیماتە" فیدرالی"یە . هەرکام لەم لایەنانە شەڕیان لەسەر باڵادەست بونە لە کەرکوکدا و خەون بە بازاڕی نەوت و بەهێزبونی خۆیانەوە دەبینن بۆ دەرپەڕاندنی ڕەقیبەکانی تریان .لەسایەی ئەم هەلومەرجەدا هەر ئیدعایەك بۆ گەڕانەوە بۆ سەرژمێریە کۆنەکان یان ڕێژەی دانیشتوان بۆ ڕەسمیەتدان بە مۆرکی کوردی بون یان تورکمانی بون یان عەرەبی بونی کەرکوك شتێکی پوچە و ناتوانێت ژیانی ئارام و پێکەوە ژیان بۆ دانیشتوانی ئەم شارە دابین بکات .ئەم شارە بەپێی ئەم کێشانە لەسەری دەبێتە کانونێکی گەرم و پڕمەترسی شەڕی قەومی کە ناتوانرێت بەر بە کوشتار و جینوسایدی ناوی بەئاسانی بگیردرێت .هەر لایەنە

دوای بەبن بەست گەیشتنی هەوڵەکانی بەپێی ئامار و تاپۆ دەگاتە ئەوەی هەوساری دەمارگیری نەتەوەیی بپچڕێنێت تاکو پاکتاوکردنی نەژادەکانی تر بکات .ئەمە مەنتیقی ململانێی ناسیونالیزمە دژ بەیەکەکانە بۆ ڕەسمیەت وەرگرتنی لایەنێکیان هەروەک لە بۆسنە وهەرسک و کۆسۆڤۆ بینیمان .ئەمە ئاکامی تەقسیمی فیدرالی و کۆتایی شەڕ لەسەر فیدرالیزمی قەومییە .هەربۆیە ئەگەر دەسەلاتێکی سکۆلاری غەیرە قەومی لەسەراسەری عێراقدا نەیەتە سەرکار کێشەی کەرکوک لەسایەی دەسەلاتی ئیسلامی و قەومی مەرکەزی و فیدرالیزمی قەومی لە کوردستاندا ئیمکانی چارەسەری ئاشتیانە و مەدەنیانەی نییە .

وەک پێشتر ووتمان ئەگەر چارەسەری کێشەی کورد لە عێراقدا لەڕێگای جیابونەوەی کوردستانەوە کرا ئەو کات چارەنوسی شاری کەرکوک دەکەوێتە بەردەم ئەم پرسیارەی کە ئایا ئەم شارە دەچێتە سەر کوردستان یان لە عێراقدا دەمێنێتەوە؟ ئەم پرسیارە خەڵکی شاری کەرکوک لە ڕێگای رفراندۆمێکی تایبەت بەم شارەوە دەبێت وەڵامی بدەنەوە و خۆیان چارەنوسی شاری کەرکوک دیاری بکەن .بێگومان خەڵکی ئەم شارە وئێمە پێویستە بە پێی بەرژەوەندی خۆیان و هەڵسەنگاندنی هەرکام لەو دوو دەوڵەتەی کوردستان وعێراق ئەم چارەنوسە دیاری بکەین .ئێمە کار دەکەین بۆ ئەوەی کە کوردستانی سەربەخۆ دەولەتێکی سکۆلاری غەیرە قەومی بێت کە دوور بێت لەوەی مۆرکی قەومی کوردی پێوە بێت تاکو بتوانێت ڕێگاش فەراهەم بکات بۆ ئەوەی بتوانێت بە هاتنەسەری شاری کەرکوک بۆ کوردستانی سەربەخۆ بتوانرێت کێشەی قەومی لە کەرکوکدا سەر هەڵنەداتەوە و هیچ جۆرە جیاوازیەک لە نێوان خەڵکی تورکمان زمان و عەرەب زمان لەگەڵ خەڵکی کورد زماندا نەبێت .هەربۆیە چۆنیەتی دیاریکردنی چارەنوسی دەولەتی کوردستان دەتوانێت چۆنیەتی چارەسەری کێشەی کەرکوکیش دیاری بکات. پێکەوە ژیان و خەباتی هاوبەشی خەڵکی هەموو شاری کەرکوک و دژایەتی دەمارگیری قەومی و ناسیونالیستی تەنیا ڕێگایەکە کە ئاییندەیەکی ئینسانی بۆ خەڵکی ئەم شارە بهێنێت و ئەم خەڵکە بتوانن هەموو پێکەوە لە دیاریکردنی چارەنوسی ئەم شارەدا بەشداربن .

______30/03/2004

## بەشداری ئاسۆ کمال لە پانیلی ( دەستوری کاتی عیراق ) لە تەلەفزیۆنی العراقیە )ی کەرکوک

شەوی 27/03/2004 ئاسۆ کمال سەرنوسەری گۆڤاری رفراندۆم لە لە پانیلی ( دەستوری کاتی عیراق ) لە تەلەفیزیۆنی العراقیە ی کەرکوک بەشداری کرد کە بۆ ماوەی سەعات ونیوێك پەخشی ڕاستەوخۆ بوو .لەم پانیلەدا ئاسۆ کمال سەبارەت بە دەوری ئەحزابی قەومی وئیسلامی لە عێراقی دوای ڕوخانی ڕژێمدا باسکرد کە چۆن کێشەی قەومی و کۆنەپەرستی ئیسلامیان کردۆتە بنەمای دەستوری کاتی . وە ئەم دەستورە کە خواستی خەڵکی عێراق وەڵام ناداتەوە و ڕێکەوتنی ئەم هێزانەیە بۆ تەقسیمی دەسەلات .دواتر لەسەر کێشەی کەرکوک و ئایندەی کوردستان و خستنەڕووی ڕێگاچارەی ئینسانی و بەدیلی سکۆلار وغەیرە قەومی بۆ چارەسەری کێشەکانی کوردستان وکەرکوک و لەسەر وەزعی ئاوارەکان و ترحیل و هەڵویست بەرامبەر بە خەڵکی عەرەبی نیشتەجێبوو لە کەرکوکدا قسەیکرد و تەئکیدی لەسەر مافی یەکسانی نیشتەجێبون بۆ هەموو دانیشتوانی ئێستای کەرکوک کردەوە .

## سیمینارێك سەبارەت بە ئایندەی کوردستان و مەسەلەی کەرکوک

سەنتەری رفراندۆم کۆڕێکی جەماوەری سازکرد لە شاری کەرکوک سەعات11 ڕۆژی 31ی ئازار2004 سەبارەت بە( ئایندەی کوردستان و مەسەلەی کەرکوک ) . ئەم سیمینارە لە هۆڵی ( النشاگ المدرسی ) - ( ڕێگای بەغداد - نزیك بەلەدیەی کۆن بەزمانی کوردی و عەرەبی بە ڕێوە چوو، کە تیایدا ئاسۆ کمال - سەرنوسەری گۆڤاری رفراندۆم و زمناکۆ عزیز -ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراق باسێکیان پێشکەش کرد کە تیایدا لایەنەکانی وەزعیەتی سیاسی ئێستای عێراق لە سایەی دەستوری کاتی و ئەگەرەکانی بەردەم ئەم هەلومەرجەیان باسکرد . هەروەها لەسەر چارەنوسی کوردستان و ڕێگاچارەی کۆمۆنیزمی کریکاری ،وە کێشەی کەرکوک و پێویستی خەباتی هاوبەشی هەموو خەڵکی عێراق و کوردستان قسەیان کرد .چەند کەناڵی تەلەفیزیۆنیو کەناڵی رگەیاندن بەشداری ئەم سیمینارەیان کرد و ئەم کۆڕە دوو سەعاتی خایاند .شایەنی باسە کە ئامادەبوان بە مداخەلەو پرسیارو پێشنیاری جۆراو جۆراوە بەشداری چالاگانەیان ئەکرد لەو سیمینارەدا .

## سەر ووتار ....

خۆسە پاندنی ئیسلامیەکان

هان بدات وریێك بخات و دەسەڵاتی نوینەرانی ڕاستەقینەی خەڵك کە خوازیاری ئازادی وعەلمانیەتن لە جیگایاندا دامەزرێنێ . کوردستان هەرچەند لەم فەزایە بەدوور بوە بەڵام ئیاندەیەکی تاریك کە سایە بەسەر عێراقدا دەکیشێ هیچ ڕۆشنایەکی بۆ ئایندەی خەڵکی کوردستان تێدا بەدی ناکرێت و پێویستی بەهەنگاوی خێراتر بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنوسی کوردستان دەخاتە دەستوری خەڵکەوە .خەڵکی کوردستان دەبێت خۆیان ئامادەبکەن بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەم ئەوزاعە بشێو و فەوزایە و هەوڵ بدەن ئایندەیەکی دوور لە خەتەری کەوتنە ژێر دەستی حکومەتی ئیسلامی بۆ خۆیان زەمانەت بکەن .وەزعی ئێستای کوردستان هەروا بەردەوام نابێت و هەڕەشەی ئیسلامیەکان دژ بە خەڵکی کوردستان لەگەڵ باڵادەست بونیان جدی تر دەبێتەوە . ئەوان لە ئێستاوە شمشێری حکومەتی ئیسلامی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان بەرزدەکەنەوە و سبەینێ بەناوی ئەو حکومەتەوە هێرش دەکەنە سەر کوردستان . هەربۆیە بە پیچەوانەی سیاسەتی پاشکۆیەتی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی بۆ ئەمریکا دەبێت خەڵکی کوردستان خۆیان لە گێژاوی شەڕی هەردوو بەرەی ئیرهابی ئیسلامی و ئەمریکا بەدوور بگرن و لە پێناو زەمانەتکردنی مافی جیابونەوە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی کوردستان لە رفراندۆمێکی ئازاددا بێنە مەیدان .

رفراندۆم

## کۆبوونەوەی جەماوەری پەنابەرانی عیراقی لە شاری هال :

ڕۆژی شەمە ریکەوتی 2004-4-3 فیدراسیونی پەنابەرانی عیراقی بە هاوکاری تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراق لە شاری هال وە بە ئامادە بوونی میدیای سەرتاسەری و محەللی ،کۆڕیکی سازدا دەربارەی سیاسەتی دژی ئینسانی دەوڵەتی بریتانیا بە رامبەر بە پەنابەرانی عیراقی .

سەرەتا سەربەست کەریم تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لە شاری هال چاوپیکەوتنیکی کرد لە گەل رادیوی B. B. C و چەند رادیۆ و رۆژنامەی محەللی و دەربارەی ئەو سیاسەتە و کاردانەوەی لەسەر هەزاران پەنابەری عیراقی .

دواتر عەبدوڵا سالح لە سەنتەری رفراندۆم باسیکی پیشکەش کرد بە ناونیشانی( هەل و مەرجی ئیستای عیراق و کوردستان و ریگا چارەکان ) ،تیایدا باسیکی میژویی دەربارەی ستەمی میللی و دەوری ناسیونالیزمی کورد لە شکست پیدانی خەبات دژی ئەو ستەمە تا دەگاتە ئەو فیدرالیزمەی ئەمرۆ تەپلی بۆ لیدەدری ، هەروەها پەیوەندی ئۆرگانیکی سیاسەت و کیشەی پەنابەری ، و بەرونی ریگا چارەی حیزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراق بۆ ئەوزاعی ئیستای عیراق و کوردستانی روون کردەوە .

دواتر دەشتی جمال بەرپرسی کۆمیتەی رێکخراوی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق وەبەرپرسی فدراسیون لە بریتانیا باسیکی بە ناو نیشانی ( سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەرانی عیراق و چۆنیەتی پۆچەل کردنەوەی ) کە تیایدا جگە لە ئیدانە کردنی ئەو سیاسەتە ،جەختی لەسەر خەباتی دەستەجەمعی پەنابەران کرد و چۆنیەتی راکیشانی سەرنجی کۆمەلگای بریتانی و بەتایبەتی ریکخراوە پیشکەوتوخواز و ئینسان دۆستەکان بۆ ئەم کیشەیە ، هەروەها دەوری فیدراسیونی گشتی پەنابەرانی عیراقی لە بریتانیا بۆ بەدی هینانی ئامانجی هەزاران پەنابەر لە پوچەل کردنەوەی ئەم سیاسەتە .

کۆرەکە لەنیۆ پیشوازی گەرمی ئامادەبوان و بەشداری چالاکانەیان لە گفتوگۆکانیدا بەریوە چوو . شایانی باسە لە کۆتایی کۆرەکەدا دەیان پەنابەر فۆرمی ئەندامەتی فیدراسیونیان پر کردەوە .

فدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا

2004-4-6

**Referendum for Kurdistan**

## Referendum for resolving the Kurdish issue and the political future of Kurdistan

### روداوی شارەکانی کوردستانی ئیران و سوریا و مەترسی هەلگیرسانی ئاگری شەری قەومی

دوای بلاو بوونەوەی دەستوری کاتی عیراق کە تیایدا ( فیدرالیزم ) باسیکی لی کراوە ، دوو بارە کیشەی کورد وەك یەکیك لە کیشە سەرەکیەکانی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست دەرکەوتەوە .کیشەیەك کە لە سەر بنەمای زۆلم چەوسانەوەی نەتاوەیەتی لەو ولاتانەی کوردستانیان بەسەردا بەش کراوە پا بەندە .وولاتانی وەك عیراق ، سوریا کە دەیان سالە شۆفینیزمی عەرەب تیایاندا حاکمە ، ئیرانی جمهوری ئیسلامی و تورکیای شۆڤینیزمی تورك بە درندانەترین شیوە ئەم زولمە نەتەوایەتیە پیادە دەکەن، خەلکی کوردستانیش پێ بە پێ ئەو زولمە بەرەنگاریان پیشان داوە .

ئەمرۆ پاش ئەو ئالوگۆرەی بەسەر بارو دۆخی نیودەولەتی و ئیقلیمی دا هاتووە، دوای داگیر کردنی عیراق لە لایەن ئەمریکاو هیزە هاوپەیمانەکانیەوە ، هەل و مەرجیکی تازە هاتۆتە کایەوە، جەماوەری نارازیش کە دەیان سالە رق و بیزاریان پەنگ دەخواتەوە ، لە هەموو هەلیك دەگەرین بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم زولمە .روداوەکانی ئەم دوایانەی شارەکانی کوردستانی ئیران ، قامیشلی و حەسەکە لە سوریا و دەست بەسەراگرتنی سەفارەتخانەی سوریا لە برۆکسل دواتریش قونسولیەتی سوریا لە جنیف، ئەم راستیەی سەرەوە دەسەلمینن .

ئیمە ویرای مەحکوم کردنی توندی سیاسەتیهەردوو دەولەتی ئیران و سوریا لەم کارەساتە خویناویەدا، وەبیر جەماوەری کوردستانی دینینەوە کە یەکیك لە بەر ئەنجامەکانی ئەو فیدرالیزمە هەلگیرسانی شەری نەتەوایەتیە و کیشانی کوردوستانە بۆ شەریکی لوبنان ئاسا، شەریك کە تەنیا لە بەرژەوەندی دەولەتە سەرکوتگەرەکان و هیزە کۆنە پەرستەکانە.

جەماوەری کوردستان

ئازادیخوازان

هیزو لایەنە پیشکەوتوخوازەکان

رزگار بوونی یەکجاری لە دەست زولم و زۆریك کە نەك تەنیا جەماوەری کوردستان دووچاریەتی ، بگرە کریکاران و زەحمەتکیشان و زوربەی زۆریجەماوەری هەموو ئەو ولاتانە بەدەستیەوە دەنالینن ،لە گرەوی یەکبوونی خەباتمانە دژی زولم و زۆر و ستەمی ئەو دەولەتە شوفینیستی و ئیسلامیانە خەباتیك کە ئاما نجەکەی هینانە سەرکاری دەولەتیکی سکویلار کە هیچ مۆرکیکی نەتەوە و ئاینی پیوە نەبیت ، دەولەتیك تیایدا هیچ هاولاتیەك لەسەر بنەمای رەگەزو نەتەوەو ئایین هەلناویردرێ ، دەولەتیك کە ئازادی و یەکسانی هەمەلایەنە بۆ هەمووان دابین بکات.

سەنتەری ریفراندۆم

لندن

14 /03/2004

PO BOX 1575 ,
Ilford ,IG1 3BZ
LONDON –U.K
a.salih@ukonline.co.uk
TEL:07944952529 & FAX:08701642885

Referendum for Kurdistan

**Referendum for resolving the Kurdish issue and the political future of Kurdistan**

## *نابێ کارەساتی هەلەبجە دووبارە بیتەوە!*

کارەساتی هەلەبجە یەکیك لە دلتەزینترین کارەساتەکانی سەدەی رابردوویە لە میژووی عیراقدا ، ئەم کارەساتە بەر ئەنجامی سیاسەتی شۆفینیستانەی رژیمی درندەی بەعس بوو وەك بەشیك لە سیاسەتی چەوساندنەوە و زولمی نەتەوایەتی لەسەر گەلی کورد .لە سالرۆژی یادی ئەم کارەساتە دا هاودەردی گەرمی خۆمان لە گەل بنەمالەی هەموو ئەوانەی بە هۆی ئەم کارەساتەوە گیانیان لە دەست داوە رادەگەیەنین.

ئەمرۆ ئیمە لە کاتیك دا یادی ئەم تراژیدیا ئینسانیە دەکەینەوە کە چارەنووسی کوردستان نادیار و نارۆشنە ، دوو حیزبە دەسەلاتدارەکەی کوردستان بە سیاسەتی سات و سەودا و مامەلە بە چارەنوسی خەلکی کوردستان خۆیان دوو چاری بن بەستیکی قولّ کردووە . فیدرالیزمەکەیان کە زۆر دەمیکە جاری بۆ دەدن ، ئەو فیدرالیزمەی هیچ لایەك لە جەماوەری کوردستان ناکاتەوە جگە لە بەردەوامی و شەرعیەت پیّ دانی دەسەلاتیان نەبیّ لە کوردستان دا ، بە هەزار و یەك ئەگەر وئەمما لە قانونی کاتی عیراق دا هاتووە ، قانونیك کە جگە لە دریژە پیّ دانی هەمان قانونەکانی سەردەمی بەعس شتیکی دیکە نیە .قانونیك کە تیایدا هاولاتیانی عیراق لە سەر بنەمای نەتەوایەتی بەرەسمی لەیەك جیا دەکاتەوە کە ئەمەش خۆی لە خۆی دا ئیمتیازیکی قەومیە و ریگا خۆش کەرە بۆ خولقاندنی کارەساتی شەری قەومی لە ئایندەدا هەروەك لە لوبنان و یۆغۆسلافیای کۆن روی دا.

**جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان**

**حیزب و لایەنە سیاسیەکان**

**هەموو ئەوانەی خەمخۆری ئایندەیەکی گەشدارن بۆ جەماوەری کوردستان**

فیدرالیزم نەك نەنیا چارەسەری هیچ کام لەو گیر وگرفتە سیاسی و ئابوری کۆمەلایەتیانەی ئیستای کوردستان ناکات ، بەلکو چارەنوسی کوردستان زیاتر بەرەو تاریکی و نادیاری دەبات . ریگای دەرباز بوون لەم تەنگژەیەی ئەمرۆ تەنیا خۆی لە هاتنە سەر کاری دەولەتیکی عیلمانی غەیرە قەومی و غەیرە دینی لەعیراق دا دەبینی ، دەولەتیك کە یاساکەی پیناسەی هاولاتیان نەکا لەسەر بنەما نەتەوەو ئایین ، دەولەتیك کەیاساکەی یەکسانی تەواوی ژن و پیاو دابین بکات ، دەولەتیك کە زامنی هەموو ئازادیە سیاسیی و مەدەنی شەخسیەکان بیت وە زۆریك لەو مافە سەرەتایە ئینسانیانە.

بە پیچەوانە ئەگەر دەولەتیکی قەومی عەرەبی وەیا دەولەتیکی ئیسلامی لە عیراق دا هاتە سەر کار ئەوا ریگای دیاری کردنی مافی چارەنووس و پیك هینانی دەولەتی سەربەخۆ لە ریّی ریفراندۆمیکی ئازاد ریگایایەکی بیّ ئەم لاو ئەو لاو حاشا هەلنەگرە.

ئیمە جەماوەری کورستان بانگەواز دەکەین بۆ هەول و خەبات لە پیناو سەپاندنی ئەم ریگا چارە بنەرەتی و یەکجاریەو خۆ دوور خستنەوە لە سیاسەت و ئاسۆی ئەحزابی قەومی کورد.

**سەنتەری ریفراندۆم**

**لندن**

2004/3/13

PO BOX 1575 ,
Ilford ,IG1 3BZ
LONDON –U.K
a.salih@ukonline.co.uk
TEL:07944952529 & FAX:08701642885

# REFERENDUM 9

POLITICAL MAGAZINE APRIL 2004

EDITOR : ASSO KAMAL
asokamal1@aol.com
DEBITY EDITOR : ABDOLLAH SALIH
a.salih@ukonline.co.uk

# REFERENDUM 9

April 2004 | Second round | A monthly magazine

Editor: Aso Kamal
asokamal@yahoo.com
asokamal1@aol.com

Deputy Editor: Abdullah Salih
a.salih@ukonline.com

Referendum Website:
www.kurdishmedia/rferendum.com